


February : 2013 — یەکبوون ژمارە : ٣٥ — ڕەشەمەی ٢٧١٢




# پاراستن و خزمەتی زمان، ئەرکی نەتەوەییە

## لەم ژمارەیەدا :

* بۆچی ٢١ فیوریە کراوە بە رۆژی جیهانی زمانی زگماکی ............ قادر وریا ................ لاپەرەی ........ ٢
* کورد و دۆزی بون بە دەوڵەت؟! .......... ئارام قادر............ لاپەرەی............ ٣
* حکومەتی دیموکراسی ...... نووسینی جان ستوارت میل ........ وەرگێڕانی مستەفا زاهیدی ... ..... لاپەرەی .......٥
* کورتەیەک لە مێژووی ئاینزای شیعە ............ ئامادە کردنی بەختیار ئەحمەد ساڵح ............. لاپەرەی ........ ٨
* وەزیری نوێی دەرەوەی ئەمریکا بناسە............ رووداو نیت ........... لاپەرەی ..............١١
* ڤالنتاین و... تراویلکەی خۆشەویستی ................. شیرزاد حەسەن ............... لاپەرەی .......... ١٢
* مێژووی کومپیوتەر .................. ویکیپیدیا ............................ لاپەرەی ................ ١٤
* مێژووی جاف .................................. ویکیپیدیا .................... لاپەرەی................ ١٦
* بەیتی کوردی لە خوێندوەیەکی بەراوردکارانە لە گەڵ ئەدەبێ کلاسیک دا......... رەهبەر مەحموودزادە ..........لاپەرەی ........ ١٨
* رۆژژمێری مانگی ڕەشەمەی ٢٧١٢ی کوردی .......... ئامادە کردنی رەحمان نەقشی ........... لاپەرە ٢٠

# بۆچی بیست و یەکی فێوریە کراوە بە ڕۆژی جیهانی زمانی زگماکی



قادر وریا

ڕۆژە جیهانی و نێونەتەوەییەکان، هەر کامێکیان مێژوو و سەربردەیی تایبەت بە خۆیان هەیە. ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکیش کە ٢١ی فێوریەی هەر ساڵێکە، پێشینە و مێژووی خۆی هەیە.

٦٠ ساڵ لەمەوبەر لە ٢١ی فێوریەی ١٩٥٢ دا، خوێندکارانی بەنگلادیش کە ئەو کاتە وڵاتەکەیان بەشێک بوو لە پاکستان، وەک نارەزایی دەربرین لە داسەپاندنی زمانی ئۆردوو بەسەر نەتەوەکەیان دا، خۆپێشاندانیان وەڕێ خست. لە ئاکامی تەمەنی هێزە چەکدارەکانی پاکستان دا ٥ خوێندکاری بەنگلادیش گیانیان لە دەست دا. خەڵکی بەنگلادیش، بەڵام دەستیان لە خەبات هەڵ نەگرت و نەک هەر نەچوونە ژێر باری داسەپانی زمانێکی دیکە، ملیان بۆ مانەوە لە ژێر دەسەڵات و لە چوارچێوەی پاکستان دا، نەدا و سەرەنجام سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێنا.




ڕووداوی ٢١ی فێوریەی ١٩٥٢ بووە هۆی ئەوە بەنگلادیش وەک یەکەم وڵات کە لە پێناوی زمانەکەی دا خەباتی کردوە و قوربانیی داوە، سەیری بکرێ. ئەو وڵاتە لە نوامبری ١٩٩٩ بە ڕەسمی پێشنیاری بە یونسکۆ کرد کە ڕۆژی ٢١ی فێوریە، وەک ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک بناسرێ. دیارە ئەنجومەنی جیهانیی لایەنگرانی زمانی زگماکییش پشتی ئەم پێشنیارەیان گرت و لە ئاکامدا، سیهەمین کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم پێشنیارەی پەسند کرد.

بەنگلادیش وڵاتێکی ١٥ میلیۆنییە و زمانەکەی بەنگالییە. دیارە ئەو وڵاتە پێشتر موستەعمەرەی ئینگلیستان بوو. هەر بۆیە زمانی ئینگلیزی لە وڵاتە دا برەوی زۆرە. ڕۆژی ٢١ی فێوریە لە بەنگلادێش وەک ڕۆژی شەهیدانی زمان ناودێر کراوە.

لەوکاتەوە کە ڕۆژی ٢١ی فێوریە وەک ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی ناودێر کراوە هەموو ساڵێ لەشوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهان ڕێورەسم و کۆبوونەوەی تایبەتی بۆ ڕێز گرتن لە زمانی زگماکی بەڕێوە دەچێ. بایەخدان بە زمانی زگماکی تا ئەو ڕادەیە بووە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ٢٠٠٨ی وەک ساڵی زگماکان ناودێر کرد.

بە دڵنیاییەوە خەبات و قوربانیدان لە پێناوی زمانی دایک لە نیو کورد دا مێژوویەکی کۆنتر لە خەڵکی بەنگلادێشی هەیە.

هەر لە سەدەی بیستەم دا کورد بەر لە شەڕی دووهەمی جیهانی لە سەردەمی ڕەزا خان و ئەتا تورک دا لە پێناوی پاراستن و زیندوو ڕاگرتنی زمانەکەیدا گیانی خۆی دەخستە مەترسی سەرباری ئەمەش بە دەیان ساڵ پێشتر، کەوتبووە هەوڵی خزمەتی زمانەکەی و چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە بە زمانەکەی و لە سۆنگەی ئەم «تاوان»ەوە ئاوارە و پەڕێوەی هەندەران بووە.

ئەمساڵ لە هەرێمی کوردستانیش، لە ڕۆژی ٢١ی فێوریە دا ئاکادیمیای کوردستان سمینارێک بە بۆنەی ئەم ڕۆژەوە و بۆ باس لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی پێک دێنێ.

«کوردستان»یش وەک بایەخدان بە زمانی زگماکی و لە پێشوازی ٢١ی فێوریەدا ئەم پاشکۆیەی ئامادە کردوە کە هیوادارین جێگای ڕەزامەندیی خوێنەران بێ.

کوردستان و کورد

# کورد و دۆزی بون بە دەوڵەت؟!


===



ئارام قادر

لە قۆناغەکانی رابردودا نیشتمان، نەتەوە، یەک پارچەی خاک، دەسەڵات و سەروەری دەسەڵات چەند رەهەندیک بون کە مرۆڤی لە پێناویدا دەکرایە قوربانی و خەبات وهەوڵ و تیکۆشانی حیزب وتاک وگروپ و رێکخراوەکانی کۆمەگگای مەدەنی لەوپێناوەدا ئاراستە دەکرا، ئەم دروشمانە بوبونە سوبمولی سەردەمەکانی رابردو، بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیست ویەک ولە پاش شۆڕشی گەلان مرۆڤ بوتە چەقی بایەخ پێدان، مافی تاک بوەتە سەنتەری هەڵسەنەگاندنەکان، ئازادی مرۆڤ بوتە بازنەی یەکەمی خەبات کردن، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بوتە پیوەر بۆ رەهەندەکانی تر، مەبەستیش لە ماف، ئازادی بیروڕایە، بەختەوەری مرۆڤە، مافە سیاسی وکۆمەڵایەتی و ئابوریەکانی هاوڵاتی کوردە، کە دەبێت بکەوێتە پێش هەمو رەهەندەکانی تر. کەواتە کاتێک باس لە دۆزی کورد دەکەین مرۆڤی کورد یەکەم دەروازەیە بۆ ئەو بابەتە، مافی تاکی کورد فاکتەری بنەڕەتیە بۆ بەدەوڵەت بون. لەم روانگەیەوە دەتوانین بگەین بەمافی چارەی خۆنوسین و پێکهێنانی دەوڵەتیکی مەدەنی، کە مرۆڤی کوردی تێیدا بەختەوەربێت، چونکە ئامانجی سەرەکی ئازادی رەفاهیەت و کامەرانی بهێنرێتەدی بۆ هاوڵاتیانی کوردستان، دەوڵەت و قەوارەی سیاسی و دەسەڵاتی کوردی ئەمانە میکانیزم وهۆکارن نەک ئامانج.

گەر وردببینەوە لە نەخشەی ئێستای عێراق بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەڕوات، دەسەڵاتی ئێستای عێراق دەیەوێت دەوڵەتیکی مەرکەزی مەزهەبی لەسەر بنەمای زۆرینە پێک بهێنێت، سونە دەیەوێت هەرێمێکی سەربەخۆ بۆخۆی دروست بکات، شۆڕشی سوریا بەرەو قۆناغەکانی کۆتایی دەڕوات و لە پاش روخانی دەسەڵاتی بەعس کاریگەری زۆری دەبێت بۆ لاوازکردنی ئەم دەوڵەتەی ئێستای عێراق و هۆکارەکانی پارچە پارچەبونی عێراق بەدوای خۆیدادەهێنیت، وڵاتە عەرەبیەکانی تر و تورکیا هەریەکەیان بەهۆکاریک دژایەتی راستەوخۆ ناکەن لە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی زیاتر بۆ کوردستانی عێراق، وڵاتانی بەهاری عەرەبی پشتیوانی لەئاراستەی سەربەخۆی بونی کوردستان دەکەن، بەهۆی بونی نەوت و گاز وەک سەرچاوەیەکی گرنگی وزە لە ناوچەکە وڵاتانی بەهێزی ئەوروپا و ئەمەریکا بایەخ بە کوردستان دەدەن لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیان، ئەمە وێنایەکی بچوکراوەی بارودۆخی ئێستایی ناوچەکەیە کە هەموی دەتوانریت سودی لی وەربگیرێت بۆ بەرژەوەندی دۆزی کورد.




بەڵگەنەویستە لە پاش ساڵی ٢٠٠٣ کورد بوە هۆکارێگی گرنگ بۆ پێکهێنانی عێراقی نوێ و ئەزمونی ١٠ ساڵ پیکەوەژیان سەلماندی بەردەوام بون لە پێکەوەژیان مەحاڵە و بونەتە قورسایەکی زۆر بەسەر یەکتریەوە، کورد بەهۆی بێ متمانەی بە لایەنەکانی بەرانبەری بەردەوام هەوڵ دەدات پێگەی سیاسی و ئابوری و سەربازی خۆی بەهێز بکات، چونکە هەمیشە بیر لەوە دەکاتەوە رۆژێک دێتە پێشەوە و حکومەتی ناوەند هەرێمی کوردستان هەڵوەشێنێتەوە، وەک لە کێشەی ئۆپەراسیۆنی دیجلە و کێشەکانی ناوەند وعێراق ئەم ئاراستەیە دەرکەوت، هاوپەیمانەکانی دوینێی کورد هەمیشە هەوڵ دەدەن بەناوی دەستورەوە هەرێمی کوردستان لاواز بکەن و بیهێننەوە ژێرکۆنترۆڵی حکومەتی ناوەند، کوردیش لەبەرئەوەی بەردەوام لەم مەترسیەدا دەژی بەردەوام سنوربەزاندنی کردوە لە دەستور و نەیتوانیوە بەتەواوی پابەندبێت بەدەستورەوە، ئەویش لە پێناو پاراستنی خۆی و بەهێزکردنی پێگەکانی.

مەحاڵ بونی هاوژینی سیاسی بەم شێوەیە و هاتنە پێشەوەی کۆمەڵێک هەلی زێڕین باشترین دەرفەتن بۆ کورد، کە بیرکردنەوەیەکی نوێی هەبێت و نەخشە رێگایەکی نوێ بگرێتەبەر ئەویش بەدەستکردن بەدانوستان لە پێناو راگەیاندنی حکومەتیکی کۆنفدراڵی و کۆتایی هێنان بە سیستەمی فیدراڵی. چونکە سیستەمی کۆنفداڵی باشترین چارەسەرە بۆ بارودۆخی ئێستای عێراق-و بەرژەوەندی هەمو پێکهاتەکانی تریش دەپارێزیت، بەتایبەت کورد. ئەویش لە پێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندیە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکی کوردستان_ لە پێناو بەدیهێنانی دەوڵەتیکی سەربەخۆ لەڕوی یاسایی و دبلۆماسی و سیاسی و جوگرافی، ئەویش بە پێکهێنانی گرێبەستێکی یاسایی و دەستوری لەنێو ئەو دەوڵەتانەی لەناو عێراقدا دروست دەبن، بە پێکهینانی دەستەی باڵا یان دەستی سەرۆکایەتی کە هەمولایەنەکان ئامانجی هاوبەشیان دەبێت لەم حاڵەتە نوێیەدا.

هەنگاونان بۆ گۆڕینی عێراق لە سیستەمی فیدراڵیەوە بۆ کۆنفدراڵی پێویستی بەکارکردن هەیە لەسەر چەند ئاستێک، بۆ نمونە لەئاستی دەرەوەی هەرێمی کوردستان پێویستی بە پشتیوانی سیاسەتی نیودەوڵەتی و یاسای نێودەوڵەتی هەیە.

لەڕوی یاسای نیودەوڵەتیەوە بە پێی یاسای نێودەوڵەتی و ریکەوتننامەی موتتیڤیدیۆ (مادەی یەکەم) کوردستان مەرجە یاساییەکانی (هەرێم و گەل و دەسەڵاتی سیاسی)ی هەیە، هەروەها کورد مەرجەکانی ئەندامیەتی تێدایە لە نەتەوە یەکگرتوەکان بە پێی بەشی (١) و مادەکانی (٣-٦) بەشی دوهەمی میساقی نەتەوە یەکگرتوەکان، هەروەها بە پێی مادەی ٦٠ی پەیڕەوی ناوخۆی کاتی ئەنجومەنی ئاسایش مەرجەکانی بە دەوڵەت بونی هەیە، کەواتە مەرجە یاساییەکانی بە دەوڵەت بون هەیە، لەهەمانکاتدا مافی داواکردنی بون بە دەوڵەت و مافی چارەی خۆنوسین مافێکی یاساییە و پشتیوانی یاسایی هەیە

سەرچاوە
Serchawe

کە گەلی کورد دوای بکات وەک لە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکاندا دوپاتکراوەتەوە بۆ نمونە: لە ١٤ خاڵەکەی نیڵسۆن لە١٩١٨ و لە بنەماکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری١٩١٧و شۆڕشەکانی پێشوی ئەمەریکی ١٧٧٦و فەرنسا ١٧٨٩ هاتوە، لەسەردەمی نوێش: لەمادەی (١) و (٥٥)ی میساقی نەتەوە یەکگرتوەکان هاتوە، هەروەها بڕیارەکانی: ژمارە ١٥١٤ خولی(١٥) لە ١٤/دیسمبر/١٩٦٠، بڕیاری ژ: ٢١٠٥ خولی (٢٠) لە١٩٦٥ز، بڕیاری ژ: ٢٦٢٥ خولی ٢٥ لە٢٤/ئۆکتۆبەر/١٩٧٠، بڕیاری ژ: ٣٠٧٠ خولی ٢٨لە ١٩٧٥، هەروەها بڕیاری٣٣١٤ ساڵی١٩٧٤. ئەم بڕیار و بڕگە و مادانە پاڵپشتی دەستوری یاساین بۆ کورد کە دەتوانرێت هەنگاوێکی لەوجۆرە هەڵبگریت. ئەویش لەرێگای داوانامەیەکی یاسایی بە دیباجەیەکی مێژویی و سیاسی پێشکەش بە (ئەنجومەنی ئاسایش) بکرێت.

لەروی سیاسەتی نێودەوڵەتیشەوە کورد دەبێت سود لەو دەوڵەتانە وەربگێرێت، کە کاریگەری سیاسی و یاساییان هەیە، ئەو دەوڵەتانەی کاریگەریان لەسەر ئەم بابەتە هەیە دەوڵەتەکانی ناوچەکە و دەوڵەتانی ئەنجومەنی ئاسایش، کە پێکهاتوە لە ١٥ ئەندام، ٥ی هەمیشەیی و ١٠ دەوڵەت هەردوساڵ جارێک هەڵدەبژێرێت کە ئەوانەی ئێستا بریتین لە: مەغریب، هند، تۆگۆ، ئەفریقای باشور، گواتیمالا، کۆلۆمبیا، ئازەربیجان، ئەڵمانیا، پاکستان، پورتوگال. مەبەستیش دروستکردنی پەیوەندی ئابوری و سیاسیە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا و هەوڵدان بۆ بوارکردنەوە بۆ ئەو دەوڵەتانە لە کوردستان لەڕوی ئابوریەوە تابتوانرێت کاریگەری ئابوری بەکاربهێرێت وەک فاکتەرێک بۆ دروستکردنی دۆستایەتی سیاسی و لەو ڕێگەیەوە ئەو دەوڵەتانە بکرێنە پشتیوان لەکاتی دەنگدان بۆ داواکردنی کورد لەکاتی بون بە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکان. هەروەها دروستکردنی دڵنیاییە بۆ دەوڵەتەکانی ناوچەکە کە کورد دەبێتە هۆکارێک بۆ ئاشتی و ئاسایش و نابێتە فاکتەر بۆ کێشە ناوخۆیەکانی ناوچەکە، پاراستنی سنورە نێودەوڵەتیەکان لەگەڵ دەوروبەر نەک ببێتە هەڕەشە بۆسەر دەوروبەر .

لەئاستی عێراقدا- کورد پێویستی بەوە هەیە کە داواکارییەک پێشکەش بکات لەرێگەی نوێنەرانی خۆی لە ئەنجومەنی نوێنەران بۆ هەمووارکردنەوەی دەستوری عێراق بۆ گۆڕینی هەندیک بڕگە و مادە تابتوانرێت سیستەمی فیدراڵی بگۆڕدرێت بە سیستەمی کۆنفدراڵی، بەڵام ئەم هەمووارکردنەش بەپێی ماددەی ١٢٦ی دەستور هەربڕگە و ماددەیەک پێویستی بە دەنگی ٣/٢ ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێستای عێراق هەیە کە ١٠٩ ئەندام دەکات لەم بارودۆخەی ئێستای عێراق ئەو داواکاریە پشتیوانی زۆری لێ دەکرێت و سونەش زۆر پێوستی بەهەنگاوێکی لەوجۆرەیە و ئامادەیە لەپێناو رزگاربونی خۆیدا پشتیوانی بکات و بەشێکیش لە شیعەکان هەمان بۆچونیان هەیە، کە دەوڵەتێکی شیعی سەربەخۆ لە باشوری عێراق پێکبهێرێت ئەمەش ڕێگا دەستوریەکە مسۆگەردەکات.

ئەم هەنگاوانە کە لەئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەکە وعێراق باسکرا کارکردن بۆی پێویستی بەهەوڵدانی سیاسی و دبلۆماسی و دانوستانە و پێویستە لایەنە سیاسەکانی کوردستان و نوێنەرانی کورد لە بەغدا و پەرلەمان بەیەک ئاراستە بۆ ئەم ئامانجە کاربکەن، بەڵام ئەم هەوڵانە هەموی بەستراوەتەوە بە کاروباری ناوخۆی هەرێمی کورستان، کورد تەنها بەم هەنگاوانە ناتوانیت ببێتە دەوڵەتیکی سەربەخۆ گەر کورد نمونەیەکی جوان نەخاتەڕو لەشێوەی بەڕێوەبردن لە سەروەری یاساو پیادەی دەستور و پرۆسەی دیموکراسی و پیادەکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئازاد و راستەقینە و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و پاکی تۆمارگای مافەکانی (مرۆڤ و ئافرەت و رۆژنامەنوسی و پێکەوەژیان لەگەڵ پێکهاتە ئاینی و نەتەوەیەکانی تری کوردستان، چونکە کۆمەڵگای نێونەتەوەیش لەسەر ئەو بنەمایە دەنگ دەدات بۆ بە ئەندام بونی دەوڵەتیک کە تا چەند ئەو دەوڵەتە کار بۆ ئاشتی و ئاسایش دەکات و مافەکانی مرۆڤ و بنەماکانی دەپارێزێت.

کەواتە دێینەوە سەر خاڵی بنەڕەتی و بایەخداری ئەمڕۆ کە ئەویش بەدەستهێنانی ئازادیە بۆ تاکی کورد، پاراستنی مافەکانیەتی بەشێوەیەکی راستەقینە، مەبەستیش بەئازادی ئەوەیە کە مرۆڤی کورد ئازادبکرێت لەوەی چۆن بیردەکاتەوە، دەنگ بە کێ دەدات، هەڵوێستی لەگەڵ چ گروپ ولایەنیکدا دەبێت، بەهۆی زەوی و موچەوە بیربۆچونەکانی کپ نەکرێتەوە، نەکرێتە کۆیلەیەکی مۆدێرن، ئەمەش پێویستی بەچەند هەنگاوێک هەیە لە ئاستی ناوخۆی هەرێمدا:

-پێویستمان بە گۆڕانکاری لە کەلتوری حیزبیدا هەیە،هەمووارکردنی سیستەمی حیزبی لە هەرێمی کورستاندا پێویستیەکی هەنوکەییە، چونکە حیزبایەتی ئێستای کوردستان تائیفیەتی حیزبی لەهەرێمی کورستاندا خولقاندوە، نابێت رەخنە لە حکومەتی ناوەندی بگرین لە عێراق بەوەی کە سیستەمی تائیفیەتی مەزهەبی داهێناوە لە کوردستانیش تائیفیەتی حیزبی کاری پێدەکرێت، واتە ئەندامانی حیزب بەهۆی خێزان و هۆزەوە ناچاردەبن پشتیوانی لە حیزب بکەن، یان بەهۆی موچە وزەویی و مسۆگەرکردنی ئمتیازاتی ژیانەوە ناچاردەکرێن بەردەوام دەنگ بەو حیزبە بدەن، حیزبایەتی لە هەرێمی کوردستان کۆمەڵگای بۆ چەند لایەنێک دابەش کردوە، کە پێویستە ئەم کەلتورە حیزبایەتیە بگۆڕدرێت بۆ کەلتوری حیزبایەتی سنوردار لە ژمارەی ئەندام و بارەگا، تا هەمو کۆمەڵگا نەخرێتە چوارچێوەی یەک حیزب یان چەند حیزبیکەوە و هەموهاوڵاتیان ڕێکبخرێن لە چوارچێوەی حیزبەکاندا، کە ئەوەش بیروهەست و جیاوازیەکان دەخنکێنێت و دژی ئازادی راستەقینەیە.

- پەسندکردنی دەستوریک بە هەماهەنگی و سازان لەنێوان هەمو راوبۆچونە جیاوازەکان، دەستورێک کە بنەماکانی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی تێدابێت و بخریتە ریفراندۆمە بۆ دەنگدان لەسەری.

- جێگیرکردنی بنەمای پیکەوەژیانی سیاسی کە خۆی لە جۆری پەیوەندی نێوان ئۆپۆزسیۆن و زۆرینەدا دەبینیتەوە، ئایا زۆرینە چۆن سەیری ئۆپۆزسیۆن دەکات؟ دژی سایەتیکی دیاری کراوە یان دوژمنی ئەزمونی هەرێمی کوردستانە؟ ئۆپۆزسیۆن بەشێکە لە سیتسەمی سیاسی یان دەستی دەرکی و پیلانگێرییە لە کوردستان، ئایا ئۆپۆزسیۆن چۆن سەیری زۆرینە دەکات، ئایا دەیەوێت بەرکەناری بکات یان ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی لەگەڵدا ئەنجام بدات، ئەمەش دەتوانرێت لە دەستور یان لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان یان لە یاسایەکی سەربەخۆ ڕێک بخرێت بۆ کۆتایی هێنان بەو حاڵەتەی ئێستای هەرێمی کوردستان پێیدا تێدەپەرێت لەنێوان ئۆپۆسیۆن و زۆرینە کە زیاتر لەچوارچێوەی کۆبونەوە سیاسەکاندا دەگوزەرێت و هیچ بنەمایەکی یاسایی نیە، ئەمەش وایکردوە کوردستان لەحاڵەتیکی چەقبەستوی سیاسیدا بمێنێتەوە.

- هەمووارکردنەوە و پەسەندکردنی ئەو یاسایانەی ڕەهەندی سیاسیان هەیە وەک یاسای ئەنجومەنی ئاسایش، دەزگای ئاسایش، یاسای کۆمسیۆنی باڵا، یاسای خۆپیشاندان، ئەنجومەنی دانوستان، هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەمشە لەپێناو بەنیشمانی کردنی دامودەزگاکان و لە پێناو رزگارکردنی بەیاسایی بونی حاڵەتی دو ئیداری کە لە رابردودا دو ئیداریی حاڵەتیکی سیاسی بو، بەڵام ئێستا بوەتە حاڵەتێکی یاسایی و بەیاسا دو ئیدارەیی پیادە دەکرێت.

- لەکۆتایدا هەوڵدان بۆ نەهێشتنی کۆنترۆڵی سەروەت و سامان و هێز لەلایەن هەردو حیزبی دەسەڵاتی ئێستا و رزگارکردنی بازرگانی و دارایی لە دەست هەردو حیزبی دەسەڵات و ڕێگە خۆشکردن بۆ روبەڕوبونەوەی گەندەڵی دارایی و ئیداری و سیاسی، کە ئەویش بەکۆمەڵێک گۆڕانکاری ریشەیی لە سیتسەمی هەرێمی کوردستان دەکرێت لە دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری و حکومەتدا، تا بتوانرێت بنەما ئابوری و سیاسیەکان بۆ بە دەوڵەت بون ئەنجام بدرێت، کە ئەوەی ئێستا لە کوردستان دەگوزەرێت نەک بنەماکانی دەوڵەت بونی هەیە، بەڵکو هۆکارەکانی لەناوبردنی هەرێمی لە ئامێزگرتوە بەهۆی نەبوی پلانی ئابوری و زۆری گەندەڵی و دیارنەبونی داهات و خراپ بەکارهێنانی خەرجیەکان.

ئەم هەنگاوانەی ئاماژەیان پێکرا هەوێنی دروستکردنی یەک ریزی و یەکخستنی هەڵویستی لایەنە سیاسیەکان بە ئەنجام دەگەیەنێت، هۆکارێکە بۆئەوەی هەمو کورد بەیەکەوە بەرپرسیاریەتی هەڵبگرێت بۆ بەدەوڵەت بون و بەخۆشحاڵیەوە بڕوانێتە داهاتو، یەک هەڵوێستی کورد بەبون و هاتنە پێشەوەی هەڕەشە دەرەکیەکان بەردەوام نابێت، حاڵەتی ئێستای کوردیش چارەنوسێکی نادیاری هەیە لە سایەی ئەنجام نەدانی چاکسازی، گەر لەئاستی ناوخۆدا ئەم هەنگاوانە ئەنجام نەدرێت بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێت کاربکەین بۆ بە دەوڵەت بون لەئاستی عێراق و ناوچەکە و جیهان، چونکە کۆمەڵگای نیودەوڵەتی دان نانێت بە دەوڵەتیکدا کە لەدوای سەربەخۆبونی ببێتە بارقورسی بۆی لە هەژاری و بێکاری و پیسکردنی ژینگە و پێشێلی یاسا و پابەند نەبون بە ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکان.

سەرچاوە : ماڵپەری سبەی

سەرچاوە
Serchawe

# حکومەتی دێموکراسی

نووسینی : جان ستوارت میل

وەرگێرانی : مستەفا زاهیدی

www.roshngari.com

**شێوەی حکومەت تا کوێ گرێ داوەتەوە بە ویستو هەڵبژاردنی ئێمە؟**

لە هەموو ئایدیاکانی تایبەت بە شێوەی حکومەت، کەم تا زۆر شوێن پێی دوو تیۆری ناکۆک دەربارەی دامەزراوە سیاسیەکان یان بە واتایەکی تر، شوێن پێی دوو هەڵهێنجانی دژ بە یەک لەم بابەتە کە دامەزراوە سیاسیەکان لە بنەمادا چین، دەبیندرێ.

هەندێ لە سەر ئەو باوەڕەن حکومەت جۆرێ هونەری کردەییەو پرسێکی تایبەت بەرهەمناهێنێ جگە لە ئامانجو ڕێگای گەیشتن بەو ئامانجە. ئەمانە شێوە جیاوازەکانی حکومەت بە میتۆدە عادییەکانی تر کە بە مەبەستی دابینکردنی پێویستیەکانی مرۆڤایەتی بە کاردەهێندرێ دەشوبهێنن و لەسەر ئەو باوەڕەن حکومەت بە هەموو بونیادەکانیەوە درووستکراوی دەستی مرۆڤە، بەم پێشەکیەوە، بەڵگە دەهێننەوە چونکە مرۆڤ دروستکەری ئەم حکومەتانەیە، هەر ئەویش دەتوانێ دروستیان نەکات، یان ئەگەری سازیانی کرد، گەڵاڵە و پلانەکەی بەویستی خۆی هەڵبژێریو دابرێژێ. بە پێی ئەم بەڵگانەندنە، پرسی حکومەت دەبێ وەک هەر پرسێکی تر کە مەبەستەکەی سوود و بەرژەوەندییە بزانرێ و گەڵاڵەکەی بە وردی دابڕێژرێ. لەم بوارەدا مەرجی هەنگاوی یەکەم ئەوەیە ئێمە ئەو ئامانجانەی دەسەڵاتەکان بۆ پێشبردنیان دروستدەکرێ، پێناسە بکەین. دواتر لێکی بدەینەوەو بزانین کام بەشی حکومەت بۆ ئەنجامدانی ئەو مەبەستو ئامانجە بە کەڵکترە. ئەوکاتەی خەیاڵمان لەم بارەوە ئاسوودەبوو، واتە شێوەی حکومەتیمان دیاریکرد، کە چاکە تێیدا لە لوتکەدایەو خراپە کەمترنیە، تەنها شتێک کە دەمێنێتەوە ئەوەیە ڕەزامەندی هاونیشتمانەکانمان یان ڕەزامەندی ئەو کەسانەی کە ڕێکخراوە بۆ ئەوان دامەزراوە بە دەستبهێنینو ناچاریان بکەین بەوەی باوەڕێ کە ئێمە بە نهێنی دەربارەی شێوەی حکومەت پێی گەیشتوین و پەسەندی بکەنو رازی بن پێ.

دۆزینەوەی باشترین شێوەی حکومەتو ڕازیکردنی دیتران بەوەی ئەوەی ئێمە پێی گەیشتووین لە هەر حکومەتێکی تر باشترە، دواتر هاندانیان بەوەی خۆیان سووربن لەسەر وەها حکومەتێک، ئەم سێ شتە بە هەمان ریز کە باس کرا، لە بیرکردنەوەی هەموو ئەوانەی کە لایەنگری تیۆری سیاسی سەرەوەن جێی خۆشکردەو. ئەمانە راست وەک ئامرازی جووت کردن( کێڵان) یان لە کیتەی دانەوێڵە وردکردن چاو لە یاسای بنەڕەتی دەکەن.

لەبەرانبەر ئەم تاقمەدا، تاقمێکی تر لە بیریارانی سیاسی هەن کە ئامادەنین شێوەی حکومەت بە مەکینەیەک بشوبهێنن، بەڵکو وەک بەرهەمێک چاوی لێدەکەن، کە ئازادانە لە نەبوونی بەرهەم هاتووە، ئەگەر کەسێک لە چاویلکەی ئەم گرووپەوە چاو لە حکومەت بکات، زانستی دەسەڵاتدارێکی وەک بوارێ لە مێژووی سروشتی دەبینێ. لە دیدی ئەمانەوە ئەوە ئێمە نین بە پێی حەزو ویستی خۆمان شێوە و شکڵی حکومەت دیاریدەکەین، بەڵکو بە هەر شێوەیەک گەیشتین بە شکڵاو شێوەیەکی حکومەت، دەبێ بەهەمان دۆخ بیپارێزین. ناکرێ حکومەتو دەسەڵاتدارێتییەکان بە پێی پلانی پێشتر دابڕێژرێن و بونیادبنرێن. دەسەڵات و حکومەتەکان( سازکراوی دەستی مرۆڤ نین بەڵکو دەڕوێن). لە بەرامبەر وەها "ڕێکخراوەگەلێکی سیاسی ڕوەکدا" دەبێ هەمان کار بکەین کە لەبەرامبەر راستیەکانی جیهانی دەوروبەرماندا ئەنجامی دەدەین، بەم مانایە کە تایبەتمەندییەکانیان قبووڵ بکەین.

لە روانگەی تاقمێکەوە کە سەر بەم قوتابخانە فیکریەن، دامەزراوەو ڕێکخراوە سیاسیەکانی نەتەوەیەک وەک نەمامێک دەچن کە لە خاکی،سرشتو خوو و هەڵسوکەوتی ئەو نەتەوەوە سەریانهەڵداوەو بە تێپەڕینی کات بەهێز دەبن.ئەمجۆرە دامەزراوانە خوڵقاوی دابو نەریت، غەریزە، ئاوات و خواستە نادیارەکانی نەتەوەکانن و زۆرکەم ڕوودەدات بە بیرکردنەوەو پلانی پێشترەوە دابڕێژرێن. ئێرادەی خەڵک هیچ پشکدار نییە لەم بوارەدا، واتە لە رواندنی نەمانی دەسەڵاتدا، جگە لەوەی لە کاتی پێویستدا ڕێگا چارەو نەخشەیەک کە لە هەمان ساتدا بە مێشکی داهاتووە بباتەکار، ئەم ڕێگا چارەیە ئەگەر بەڕادەی پێویست لە گەڵ خوو و هەستی نەتەوەیی ئەو خەڵکەدا بێتەوە زۆربەی کات ڕەگ دادەکوتێو دەمێنێتەوە. ئەوکاتەی بە تێپەڕینی کات ژمارەی ئەم جۆرە گەڵاڵەو ( ڕێگە چارانەی سەرچاوە گرتووە پێویستییەوە) ، زیادیکرد دەسەڵاتو یاسای نەتەوەیەک ساز دەبێ تەنها بۆ ئەو نەتەوەیە دەشێ و کارێکی بێ هوودەیە ئەگەر بمانهەوێ دەسەڵات یان ئەو یاسایەکی بنەڕەتیی، بە سەر خەڵکێکدا داسەپێنێ کە لەگەڵ بارودۆخ و خووی ئەو نەتەوەیەدا ناتەبایەو ئازادانە پەروەردەی نەکردووە.

ئەگەر بەراست دەکرێ لامان وابێ کە هەرکام لەم دووباوەڕە جیاوازە وەک تیۆرییەکی جێگیر پەسەند بکرێ کە هیچ گومانێکی تێدا نییە، راستی ئەوەیە دژوار بوو مرۆڤ بڕیاربدات کامیان لەویتریان باشترە. بەڵام بەرهەمێک کە خەڵک بە ووروژانەوە باسی لێدەکەن بە زۆری هیچ نییە جگە لە دەربڕینی ناتەواوی باوەڕەکانیان، ئەگینا کەس باوەڕناکات ئەم کارە لە دەست هەر نەتەوەیەک بەدی بکرێ، کە هەرچەشنە دەسەڵاتداری، یان هەرچەشنە یاسایەکی بنەڕەتی، پەسەند بکاتو بەختەوەر بێ بە هۆی پەسەندکردنییەوە. ئەگەر شوبهاندنێک کە دەربارەی ئامرازی میکانیکی بە کاریان هێنا تا دوایین ئاست گەشەی پێ بدەن ، دەبیندرێ مرۆڤ تەنانەت شیشو ئاسن پێویستی ژیانی تەنها لەو رووەوە کە باشترین شیش و باشترین ئاسنەکانن هەڵنابژێرێ بەڵکو بەر لەوە بیر لەوە دەکاتەوە ئاخۆ ئەو ئامرازانەی تری هەیە کە دەبێ لەگەڵ ئەم دوانەدا پێکەوە بهێنرێن یان نە، بەتایبەت بیر لەوە بکاتەوە. ئەو کەسانەی کە بڕیارە ئەم ئامرازانە بە کار بهێنن زانیاری و لێهاتوویی تایبەت بە بەکارهێنانیان هەیە لە لایەکی ترەوە، ئەوانە دامەزراوە سیاسیەکان بە گیانلەبەرو ڕوەکەکان دەشوبهێنن بە پێچەوانەی ئەوەی وتەکەیان نیشانیدەداو، وەها نین بەرژەوەندی خۆیان بسپێرن بە قەزاو قەدەر. مەبەستی ئەوان ئەوە نییە خەڵکی جیهان بێ کاریگەرن لە پرسی هەڵبژاردنی دەسەڵاتێک کە بە سەریاندا حکومەت دەکات یان هەر ئەو خەڵکەی ئەو کاتەی بڕیاردەدەن حکومەت بە سەرتر بزانن لە دەسەڵاتەکانی تر کەمتەرخەمن لەوەی بیر لە ئەنجامەکانی سەرچاوە گرتووە لە خوو و سروشتی سیاسی حکومەتەکان بکەنەوە. بەڵام هەرچەند هەر کام لەم دوو گرووپە، بە هۆی دژایەتیکردن لەگەڵ گرووپەکەی تر، هەموو کارێک دەکەن بۆ گشتاندنی بیرو ڕای خۆیان و کەس ناتوانێ ئەم تیۆریانە بێ گۆڕان لەهەر کامەیاندا قبووڵ بکات، خودی ئەم ڕاستیە کە دوو باوەڕی لێکدژ بەرامبەریەک وەستاونەتەوە، باس لە جیاوازی

سەرچاوە
Serchawe

قووڵی نێوان ئەم دوو بیرکردنەوە دەکات، هەرچەند روون و ئاشکرایە، کە هیچ کامیان بە تەواوەتی راست نییە، بەڵام چونکە ئەمەش ئاشکرایە کە هیچکامیان هەڵە نییە، کەوایە دەبێ هەوڵ بدرێ درز بکرێتە ناو رەگی ئەم دوو تیۆریو بۆ ئەوەی بزانرێ تا چەند راستی لە هەرکامەیاندا شاراوەیە.

لە پلەی یەکەمدا پێویستە ئەوە بە یاد بهێنینەوە دامەزراوەو رێکخراوە سیاسیەکان بە دەست خەڵک سازکراون‌و بوونیان گرێ دراوەتەوە بە ئیرادە و خواستی مرۆڤەوەو لەم بارەوە قەرزداری مرۆڤ و تاکەکانی کۆمەڵن. خەڵک بەیانیەک لە خەو هەڵنەستاون ببینن ئەم دامەزاروانە وەک قارچک لە خاکەوە سەریان دەرهێناوە. هەروەها ئەم دامەزراوانە وەک دار ناچن، لەگەڵ ئەوەی ناشتان چ ئاگا بین‌و چ نووستوو درێژە بە گەشەی خۆیان دەدەن. ئەمانە لە هەرکام لە قۆناغەکان بوونی خۆیاندا هەمان ئەو شتەن کە کارو هیمەتی مرۆڤ ویستوویەتی، لەم رووەوە وەک هەموو ئەو کارانەی بە دەستی مرۆڤ ئەنجامدراوە رەنگە باش یان خراپ لە گڵ دەربێ، ئەمە گرێ دراوەتەوە بەو لێهاتوویی و وردبینیەی لە بەرهەمهێنانیاندا بەکاربراوە. هەروەها ئەگەر نەتەوەیەک کەمتەرخەم بێت بەرامبەر بەم بابەتە یان بە هۆی گوشاری دەرەکیەوە توانای ئەوەی نەبێ بە شێوە ئەزموونی( زیان دیتی و رێگا چارە هەڵبژاردن) ببێ بە خاوەن یاسایەکی بنەرەتی بەهێز، یان ژێر دەستانی ئەو نەتەوە بەهێز دەبن بەرامبەر چەوسێنەران ناوستنەوە بەڵکو شان و شکۆیان پێدەدن، وەستانی پێشکەوتنی سیاسی لە ژیانیاندا بە هۆی کەمتەرخەمیەوەیە بە دڵنیاییەوە لە زەرەریاندایە. بەڵام ئیتر ئەمە بەو مانایە نییە رێگا چارەیەک کە لە بواری تردا بە کار براوە و ئەنجامی لێ کەوتۆتەوە، لە بارەی ئەوانەوە ئەگەر تاقی بکرایەتەوە ئەنجامی خراپی لێ دەکەوتەوە یان ئەگەر رۆژێ هەمان رێگا چارەیان هەڵبژارد، بە زەرەریان نەبوو.

لەو رووەوە، دەبێ ئەمەش لەبەرچاو بگرین مەکینەی سیاسی لە خۆڕا کار ناکات بەڵکو وەک ئەوەی بە دەست خەڵک سازکراوە، دەبێ بە دەست ئەو خەڵکەش بکەوێتەکار، ئەم خەڵکەش پێویست ناکا شارەزا و پسپۆر بن. تەنانەت خەڵکی عادیش دەتوانن ماشێنی حکومەت بخەنەکار. بۆ کارکردنی تەنها ئەوە بەس نییە کە خەڵک رازی بن، بەڵکو بەشداریان پێویستەو شکڵاو بینای مەکینەی حکومەت دەبێ لەگەڵ ستاتیکا و تایبەتمەندی ئەو خەڵکەی لەبەردەستدان بێتەوە ئەمەش پێویستی بە سێ شتە.

١- ئەو خەڵکەی دامەزراوەی حکومەتیان بۆ لەبەرچاوگیراوە دەبێ خۆیان ئەو دامەزراوەیە قبووڵ بکەن و یان ئەوەندە کەمترخەم نەبن بەرامبەری کە ببن بە لەمپەرێکی گەورە لەبەردەم سەرهەڵدان و گەشەی وەها حکومەتێکدا

٢- دەبێ بیانهەوێ و شیاوی ئەوەبن بۆ پارێزگاری لەو حکومەتە ئەوەی لە دەستیان دێ ئەنجامیبدەن.

٣- دەبێ بیانهەوێ و شیاوی ئەوەش بن، داواکارییەکانی حکومەت جێبەجێ بکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان

وشەکانی"بیکەن" و "ئەنجامی بدەن" دەبێ وەها مانا بکرێنەوە کە خەڵکیش کارەکانی ئەو حکومەتەی هەڵیانبژاردوە قبووڵ بکەن‌و کار بکەن بۆ پاراستنی ئەو حکومەتە. بە کورتی، دەبێ شیاوی ئەوە بن" هەلومەرجی " کارکردن" و" هاوسەنگی پاراستن" بپارێزن، چونکە ئەم هەلومەرجە هەم بۆ گەرەنتی ئەو حکومەتەی سازکراوە پێویستە و هەم بۆ هێزبەخشین بەو دەسەڵاتە بۆ ئەوەی ئەو ئامانجانەی هەڵی بژاردوە بە ئەنجام بگەیەنێ.

لە ئەگەری نەبوونی هەر کام لەم هەلومەرجانەدا، ئەو حکومەتەی بۆ نەتەوەیەک دیاریکراوە، هەرچەند داهاتووی لە رووی تر‌ەوەو لە رێگای ترەوە، هیوا بەخش بێت، دەبێ گرێ بدرێتەوە بەو نەتەوە تایبەتەوەو ئەنجامەکەی شکست دەبێ.

لەمپەری یەکەم، واتە بێزاری و رقی خەڵک لە پەسەندکردنی حکومەتێک کە پێیان پێشنیار کراوە، پێویست بە نموونە هێنانەوە ناکات چونکە لە رووی تیۆرییەوە هیچکات ناکرێ ئەم بابەتە لەبەرچاو نەگیردرێ. ئەم پرسە هەردەم دێتە پێش و هیچکات نابڕێتەوە. هیچ هێزێ جگە لە زۆری شمیری دەرەکی ناتوانێ سوور پێستەکانی ئەمریکای باکوور ناچار بکات ملکەچی یاساکانی حکومەتو دەسەڵاتێکی شارستانی بن. نموونەی ئەم شتە بە هەندێ گۆڕانی بچووکەوە دەکرێ دەربارەی ئەو وەحشیانە وەک نموونە بێنینەوە ئیمپراتۆری رۆمی کۆنیان نایە ژێر پێ. تێپەڕینی سەدەکان و گۆڕانی تەواوەتی بارودۆخەکە پێویست بوو بۆ ئەوەی ئەم وەحشیە سەرکەوتوانە لەگەڵ بنەماکانی نەزم‌و پرەنسیپ دا ئاشنا بن‌و ملکەچی فەرمانی رێبەرەکان، تەنانەت ئەو رێبەرانەی خۆیان هەڵیانبژاردبوو بن. لە جیهاندا هەن نەتەوەگەلێک کە هیچکات بە شێوەی خوازراو ملکەچی حکومەتێک جگە لە حکومەت و دەسەڵاتدارێتی کۆمەڵێک بنەماڵەی رەسەن، کە لە کۆنەوە رێبەرانێکیان بۆیان بارهێنانەوە، نابن. هەندێ لە نەتەوەکان جگە لەوەی خاکی وڵاتەکەیان لە لایەن هێزە بیانییەکانەوە داگیر بکرێ، دەسەڵاتی هیچ رژێمێکی پاشایەتیان قبووڵ نیە. هەندێ تر بە هەمان رادە لە حکومەتی کۆماری بێزارن. ئەم جۆرە لەمپەرانە زۆربەی کات کێشە ساز دەکات بۆ کارکردنی حکومەتەکان.

بەڵام لە هەمانکاتیشدا نموونەگەلێک هەیە، کە خەڵک لەگەڵ ئەوەی دژ بە قبوڵکردنی حکومەتێک نین، بەڵکو رەنگە لە دڵیشەوە ئاواتی ئەو چەشنە حکومەتە بخوازن، بەڵام بە کردەوە نایانهەوێ یان ناتوانن هەلومەرجی هاتنە سەرکاری ئەو چەشنە حکومەتە برەخسێنن- ئەوەندە توانایی و لێهاتووییان نییە کە کۆمەڵێک لەم هەلومەرجانە کە تەنانەت بۆ ناوهێنان لەم حکومەتانە پێویستە برەخسێنن- بەم شێوەیە رەنگە نەتەوەیەک حکومەتی ئازادی لەچاو سەرجەم چەشنە دەسەڵاتدارێتییەکان بەدڵ بێت، بەڵام ئەگەر هەر ئەم نەتەوەیە بە هۆی کەمتەرخەمی، ترس یان نەبوونی رووحیەتی خزمەت بە خەڵک، ناتوانێ هەوڵ بدات بۆ پاراستن‌و هاتنە سەرکاری وەها دەسەڵاتێک، ئەگەر ئامادەنین بۆ پاراستن و پاسەوانی لێی، ئەو کاتەی دەکەوێتە بەر هێرشی هێزە دەرەکیەکان، خەبات بکەن، ئەگەر دەتوانن لە ئاست فێڵا و تەڵەکە چاویان بنوقێنن و بێ ئەوەی هیچ بەهایەک بدەن ئازادی لە دەست بدەن، ئەگەر بە هۆی بێ هیواییەک کە کوتو پڕ دەستیان پێ دەگات، ترسێکی کورت ماوە، یان بە هۆی هۆگریان بە کەسێکی هەڵکەوتە، دەکرێ فریو بدرێن و ناچاربکرێن ئازادییەکانیان بکەن بە قوربانی بەر پێی پیاوێ، تەنانەت پیاوێکی مەزن، یان ئەوەی کە دەستی ئەو پیاوە ئەوەندە ئاوەڵا بێت کە بتوانێ دامەزراوەو قوتابخانە نەتەوەییەکانی خەڵک برووخێنێ ، لە هەموو ئەم نمونانەدا ئەو خەڵکانەی ئەم کارانە دەکەن شیاوی ئازادی نین‌و هەچەنن رەنگە بەرژەوەندییان لەوەدا بێت کە ئەم ئازادیانەیان بۆ ماوەیەکی کورت هەبێت، بەڵام شتێکی بێ ئەگەرە بتوانن بۆ ماوەیەکی درێژ بە ئازادی بژین.

رەنگە نەتەوەیەکیش نەیهەوێ یان نەتوانێ ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکات کە حکومەتێکی تایبەت پێی دەسپێرێ. تاکەکان ئەم نەتەوەو تووڕە هەرچەنە تا رادەیەک ئاگاداری بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگایەکی شارستانین، رەنگە بەکردەوە نەتوانن ئەو ئەرکو کارانەی پێویستە بۆ پاراستنی وەها کۆمەڵگایەک جێبەجێ بکەن. رەنگە ئەوەندە لووتبەرزبن ملکەچ بوون بە یاسایەک بە شەرم بزانن بۆ خۆیان و ئامادە نەبن بەرژەوندییە تایبەتییەکانیان لە بەرچاو نەگرن و بە جێگای یاسا خۆیان تۆڵە بسێننەوە، لەوەها نمونەگەلێکدا، حکومەتێک ئەگەر بەراست بیهەوێ لە بەرژەوەندی جەماوەردا کار بکات ناچارە تارادەیەک دیکتاتۆری بێت. واتە حکومەتێک بێت کە تاکەکان نەتوانن خۆیان دەسەڵات بگرنەدەست، بە شێوەیەک کە سیستەمی حکومەت بتوانێ یاسا سەقامگیر بکات.

هەروەها ئەو خەڵکەی کە بەکردەوە هاوکاری بەرێوەبەرانی یاسا ناکەن، تەنها شیاوی ئازادییەکی بەرتەسک و چوار چێوە دارن. ئەو خەڵکەی ئامادەن تاوانکارێ لە ماڵەکەی خۆیاندا حەشار بدەن بە جێگای ئەوەی لەمەترسی ئەو بترسن، ئەو خەڵکەی وەک هیندییەکان دزێ کە ماڵەکەیانی دزیوە لە ماڵەوە حەشار دەدەن و سوێند دەخۆن نەیاندیوە، نەوەک ئەگەر هاتوو دژی شاهیدیان دا بکەونەبەر رق و تووڕەیی دزەکەوە، خەڵکانێک کە وەک بەشێک لەنەتەوە ئەوروپییەکان تا ئەم دواییانە، ئەگەر بە چاوی خۆیان دەیاندی چەقۆ کێشێ لەناو شاردا، خەریکە پیاوێ دەکوژێ، پشتیان تێ دەکرد لەو بەری شەقامەکەوە رەت دەبوون، بەو بیانووەی بەرگرتن بە وەها رووداوێ کاری پاسەوان و پۆلیسە، باشتروایە مرۆڤ لە کارێکدا کە پێوەندی بەوەوە نیە دەخاڵەت نەکات و خۆی تێ وەرنەدات، ئەو خەڵکانەی بە بیستنی

سەرچاوە Serchawe

هەواڵی ئیعدامی کەسێک نیگەران دەبن بەڵام کە دەبیستن کەسێکی تر تیرۆرکراوە هەست بە نیگەرانی ناکەن، بۆئیدارە کردنی وەها خەڵکانێک بەرێوەبەرانی حکومەت و یاسا ناچارن هێزی زۆرتر بەکاربێنن لەچاو ئەوەی لە شوێنەکانی تر پێویستە، چونکە لەوەها دۆخێکدا ئەو هێزە تەنها گەرەنتی پاراستنی پێویستیە سەرەتاییەکانی ژیانێکی ڕێکوپێکو شارستانیانەیە.

ئەم جۆرە هەستە ناخۆشە لە بارەی هەر نەتەوەیەک کە تازە لە گوشاری ژیانێکی وەحشیانە رزگاری بووە، بێ شک بەهۆی خراپی دەستەڵاتی پێشترەوەیە، کە فێریکردوون شێوەی فێڵاو تەڵەکە بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئامانجێک جگە لە بەرژەوەندییەکانی ژیانی ئەوان دروستکراوە، چاو لە یاسا بکەن. هەروەها وەک دوژمنانێکیش چاو لە بەرێوەبەرانی یاسا بکەن، کە مەترسیان لەو کەسانەی بە ئاشکرا یاسا پێشێل دەکەن زۆرترە. بەڵام ئەو خەڵکانەی لەگەڵ ئەم چەشنە خوو و عادەتانەدا گەورە بوون، هەرچەند بێ تاوانیش بن، هەرچەند ئەو ئەگەرەش هەبێت سەرەنجام لە ژێر چەتری دەسەڵاتدارییەکی تردا چاک دەبن و دەگۆڕدرێن، تا ئەو کاتەی ئەو خوو و عادەتانەیان ماوە، بەبێ داسەپاندنی هێز، ئەویش هێزێکی زۆر، ئیدارە ناکرێن. خەڵکانی شارستانی کە خۆیان پشتیوان و لایەنگری یاسان و ئامادەن هاوکاری بکەن بۆ بەرێوەچوونی یاسا، بە کەمترین هێز ئیدارە دەکرێن.

هەروەها ئەو کاتەی شارۆمەندانی وڵاتێک ئەوەندە گرێدراو نین بە دەسەڵاتەوە کە برۆنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و دەنگبدەن، یان ئەگەر دەنگیاندا لە رووی بەرژەوەندی گشتیەوە دەنگ نادەن، بەڵکو بەرامبەر بە پارە دەنگەکەیان دەفرۆشن یان دەنگ بە کەسانێک دەدەن کە دەسەڵاتیان بە سەریانەوەیە و تەنها بۆ خۆشیرین کردن و نزیک بوونەوە لێیان دەنگیان پێ دەدەن، لە لای وەها خەڵکانێک دامەزراوە سیاسیو دیموکراتیکەکان، جگە لەوەی هیچ بەهایەکی نییە، بەڵکو رەنگە ئامرازێ بێت بۆ زۆر بێژی و فێڵاو تەڵەکە، ئەو هەڵبژاردنە گشتیەی لە وەها هەلومەرجێکدا بەرێوەدەچێ لە بری ئەوەی گەرەنتی بێت بۆ باشکارکردنی مەکینەی دەسەڵات، جۆرێ لەمپەرە کەوتۆتە بەردەم ئەو مەکینە خراپە.

بەدەر لەم لەمپەرە ئەخلاقیانە، ئێمە لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەی تەکنیکدا رووبەرووین کە زۆربەی کات کۆسپێکی لە شکست نەهاتووە لە بەردەم رێگای هەڵبژاردنی شکڵی حکومەتدا. رەنگە لە جیهانی کەناردا سەربەخۆیی تەواوی تاکو ناوچەبوونی بوویێت( زۆربەی کاتیش هەروابووە) بەڵام حکومەت بەمانای حکومەتێکی رێکوپێکی نەتەوەیی تەنها لە دەروون چوارچێوەی دیواری کۆمەڵگایەکی جیاوازی شاریدا پێکدەهاتو بڵاوبوونەوەی بیروڕای گشتی بوونی نەبوو، مەگەر بەناو ئەو نەتەوەو خێڵەدا کە لە بازاڕی گشتی شاردا کۆی دەکردنەوە بۆ ئەوەی دەربارەی پرسە گشتیەکانی گفتوگۆ بکەنو بڕیار بدەن. ئەمڕۆکە بە گشتی لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەم لەمپەرە بە پەسەندکردنی سیستەمی حکومەتی دیموکراسی لەناوچووە. بەڵام بۆ شکاندنی تەواوەتی ئەم لەمپەرە پێویست بوو سەرەتا بڵاوکراوەکانو رۆژنامەکان بە تیراژی(ئەژمار)ی زۆرەوە لە کۆمەڵگای مرۆییدا دروست ببن، کە دەکرێ بە بەرامبەری راستەقینەی" پنۆکس"و"فورۆم (١ )" ناویان لێ ببرێت، هەرچەند بەراوردکردنیانو لێهاتووییان لە هەموو بوارەکانەوە ناگاتە ئەم دوانە(٢ )

لە جیهاندا نمونەی ئەو کۆمەڵگایانە زۆر هەن کە لە رژێمی پاشایەتی سەرەڕای ئەوەی هەرێمی گەورەی بەدەستەوە بووە نەیتوانیوە درێژە بە ژیانی خۆی بداتو بە تەواوەتی لێکترازاوەو دابەش بووە بەڵاتانێکی بچووکتر لە ژێر دەسەڵاتدارێتی پاشایەتیە بچووکەکاندا، یان ئەوە بووە بە تەواوەتی لێک جیابوونەتەوەو سەربەخۆ بوون یان ئەوەی بە تاڵگەێکی زۆر لاواز و باریکەوە ( وەک یەکیەتیە فئودالیەکان) پێکەوە گرێ دراون. ئەم دابەش بوونە سیاسیو جوگرافیایە لەوێوە دێ کە مەکینەی هێزی پادشا، لەو رووەوە بەرادەی پێویست ئامادەو پرچەک نەبووە نەیدەتوانی فەرمان و دەستوورەکانی حکومەتی ناوەند لەو بەشانەی لە وڵاتدا کە دوور بوون لە پایتەخت، بەرێوە ببات. ئەم حکومەتە بۆ ئەوەی بەهرەمەند بێت لە ملکەچبوونی شارۆمەندانو ئەرتەشەکەی، زیاتر پشتی بە وەفاداربوونی خوازیارانەیان دەبەست.

هەروەها لەو سەردەمەدا کە بکرێ لە رێگایەوە باج لە خەڵک وەربگیردری و بۆ ئەو هێزانەی سەرف بکرێ کە بۆ ملکەچکردنی نارازییەکانی وڵاتێکی گەورە پێویست بوو. بەڵام دەبێ بزانین کە لەم دۆخەداو لە دۆخی وێکچووی ئەم دۆخەدا، رادەی ئەو لەمپەرانەی کە لە بەردەم دەسەڵاتێکدا هەیە رەنگە کەم یان زۆر بێت، بەبێ ئەوەی بە تەواوەتی ببێ بە هۆی رووخانی حکومەت لێدانە لە کارکردی حکومەت و زۆر زیانبەخشە بۆی، یان ئەوەیە شارۆمەندانی وڵاتت پەنا بباتە هەر جۆرە حکومەتێک کە بکرێ جێگای بگرێتەوە.

ئێمە ئێستا سێ مەرجی بنەڕەتیمان دایە بەرباس کە پێویستە شێوەی حکومەتێک لەگەڵ تایبەتمەندیی ئەو جەماوەرەی کە بڕیارە حکومەت دەسەڵاتدارێتیشیان بەسەردا بکات، دابڕێژرێ. ئەگەر لایەنگرانی بۆچوونی کە دەکرێ بە( تێوری گەشی سرووشتی دامەزاوە سیاسیەکان) The naturalistic chicory of politics ناوی لێ ببرێ جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەکەنەوە کە دەبێ ئەم سێ مەرجە بوونی ببێت، ئەگەر مەبەستیان ئەوە بێت هیچ حکومەتێک ناتوانێ لەسەر دەسەڵات بمێنیتەوە مەگەر ئەوەی مەرجی یەکەم و دووهەم و تارادەیەکی زۆریش مەرجی سێهەم جێبەجێ بکات، تیۆرییەکەیان کە بەمە بەرتەسک کراوەتەوە هیچ رەخنەیەکی لەسەر نییە. ئەوەی ئەمانە دەربارەی پێویستیەکانی( بونیادێکی مێژوویی بۆ قوتابخانەو دامەزراوە سیاسیەکان یان دەربارەی هاوئاهەنگ بوونی ئەو دامەزراوانە لەگەڵ داب و نەریت و تایبەتمەندیە نەتەوەییەکانو شتی تری لەم چەشنە پێمان دەڵێن، هەموویان لە قۆناغی کۆتایی یان ئەم سێ مەرجە کە لە سەرەوە باسکرا مانا دەدا یان ئەوەیە لە بابەتەکە بە تەواوی دوورە. لەم دوو رستەو رستەکانی تری لەم چەشنەدا بەرادەیەکی زۆر توێکڵێکی سەنتیمانتاڵی ئامادەیی هەیە کە ناوەکی لۆژیکی بابەتەکەی داپۆشیوە. بەڵام کە بەکردەوە لێکیان دەدەینەوە دەبینین هەموو ئەو شتانەی نەیاران بانگەشەی بۆ دەکەن پێویستی بنەڕەتی سەرهەڵدانی دامەزراوەی سیاسییە، لە راستیدا هیچ نییە جگە لە کۆمەڵێک ئاسانکاری بەکردەوە دەرهاتنی سێ مەرجی سەرەوە. ئەوکاتەی باوەڕو بۆچوون و خووەکانی خەڵک رێگا خۆشکەر بوو بۆ سەرهەڵدانی رێکخراوێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی یان کۆمەڵێک لەم ئۆرگانانە. جگە لەوەی دەکرێ ئاسانتر خەڵک ناچار بکرێ ملکەچی ئەو دامەزراوانە بن، بەڵکو ئاسانتر دەکرێ هەر ئەو خەڵکە فێر بکرێ کە چۆن پاسەوانیان لێ بکەن و بیانپارێزن و چۆن بەکاریانبێنن هەتا ئەنجامی باشتریان لێ بکەوێتەوە.

هەرکات یاسا دارێژێ لە کاتی دارشتنی یاسادا کەڵک لەم خوو و عادەتو هەستانە وەرنەگرێ کە رابردووییەکیان هەیە لەناو خەڵکدا، بێگومان تووشی هەڵەیەکی گەورە دەبێ، بەڵام زێدەڕۆییە ئەگەر پێگەی ئەم شتانە لە خۆڕا ببەینە سەرو بە" مەرجی پێویست" یان بزانین. راستە زۆر ئاسانتر دەکرێ خەڵک ناچار بکرێ کە شتێک کە خووی پێوە گرتووە ئەنجامبدات و ئاسانتر دەتوانێ، بەڵام هەر ئەم خەڵکە دەتوانن کارگەلێک فێربنو ئەنجامی بدەن کە تازەیە بۆیان. بێگومان ناسین یارمەتیدەرێکی گەورەیە، بەڵام کە مرۆڤ بە بەردەوامی لە سەر ئایدیا و بیرکردنەوەیەک وتووێژی کردو لێی راما سەرەنجام لەگەڵی ئاشنا دەبێ، هەرچەند لە سەرەتادا هیچ ئاشناییەکی لەو بارەوە نەبووبێت. زۆرن ئەو نموونانەی کە تاکەکانی نەتەوەیەک خوازیاری تاقیکردنەوەی شتە نوێکان بوون. ئاستی توانایی نەتەوەیەک بۆ ئەنجامی کارە نوێکان و تواناییان بۆ خۆ سازدان لەگەڵ دۆخی نوێ، سوچێکی تر لە باسەکەیە، هەروەها چۆنیەتییەکە کە لەودا نەتەوە جیاوازەکان و قۆناغە جیاوازەکان شارستانیەت پێکەوە، جیاوازن. ناکرێ تواناییەکانی نەتەوەیەکی تایبەت. بۆ جێبەجێ کردنی مەرجەکانی دەسەڵاتێکی تایبەت، لە چوارچێوەی یاسایەکی گشتی دا باسیان لێوە بکرێ و رێنوێنمان لەم بوارەدا ناساندنی ئەو نەتەوەیە، دادوەریەکی گشتی دەربارەی ئەو نەتەوەو هەروەها ئایندە بینە- هەروەها خاڵێکی تر هەیە کە نابێ لە بیربکرێ: رەنگە نەتەوەیەک ئامادە نەبێ دامەزراوەو رێکخراوە باشەکان پەسەند بکات.بەڵام داگیرسانی ئاگری حەز و ئاوات لە دەروونی وەها نەتەوەیەکدا مەرجی پێویستە بۆ ئامادەکردنیان. پرۆپاگەندە دەربارەی دامەزراوەیەک یان حکومەتێکی تایبەت، خستنەرووی بەرژەوەندی و خاڵە پۆزەتیڤەکانیان بۆ جەماوەر خۆی یەکێک لەو شێوەکارانەیە کە بە یارمەتیان دەدات، جگە لە بیرکردنەوەی نەتەوەیەک بۆ پەسەندکردن و قبووڵ کردنی وەها حکووومەتێک، بەڵکو بۆ بە کارهێنانیش، دەکرێ پەرەردە بکرێ. ئەم شێوازە زۆربەی جار ئامرازی گەیشتن بە ئامانجە. بۆ وێنە لە پانتایی ژیانی بەرەی رابردوو و ئێستادا بۆ ئامادەکردنی خەڵکی ئیتالیا بە مەبەستی کۆ بوونەوەیان لە ژێر ئاڵای

سەرچاوە
Serchawe

یەكیەتی و خەبات بۆ بە دەستهێنانی ئازادی، نەتەوە پەرەستانی ئەو وڵاتە چ ئامرازێكی تریان بە دەستەوە بوو جگە لە جۆشدانی ئەو خەڵكەی ئازادیان دەویست؟ لە هەمانكاتدا ئەو خەڵكەی وەها ئەركێكی پێویست بەئەستۆ دەگرن نابێ بكەونە ژێر كاریگەری خاڵە باش و پۆزەتیڤەكانی ئەو حكومەتە، كە باسی دەكەن بۆ خەڵک، بەڵكو دەبێ پێشتر دڵنیا بن لە ئاستە ئەخلاقی و عەقڵی و كردەیەكان بۆ بە جووڵە خستنی ئەو حكومەتە و تا ئەو شوێنەی دەكرێ لە باسكردن لەو ئاواتو حەزانەی كە هێشتا نەتەوەیەک توانایی جێبەجێ كردنیانی نییە خۆیان ببوێرن

لەوەی تا ئێستا باسمان لێوەكرد بەو ئەنجامە دەگەین لە سنووری ئەم سێ مەرجەدا ( كە پێشتر باسی لێوە كرا) دامەزراوە سیاسیەكان و شێوەكانی جیاوازی حكومەت ئازادانە هەڵدەبژێردرێ. لێكدانەوەی ئەم بابەتە كە باشترین شكڵی حكومەت كامەیە، بە پێچەوانەی بیروڕای كۆمەڵێک كەس، بەلارێدابردنی بیركردنەوە نییە لە رێگای نەخشەیەكی خەیاڵیدا، بەڵكو بەكارهێنانی بیركردنەوەی زانستی مرۆڤە بۆ گەیشتن بە ئامانجێكی گەورەی زانستی، چونكە ناساندنی باشترین دامەزراوە سیاسیەكان بۆ تاكەكانی نەتەوەیەک كە شیاوی قبوولا كردنی ئەو دامەزراوە سیاسیەن و دەتوانن مەرجەكانی جێبەجێ بكەن یەكێكە لە عاقڵانەترین ئامانجەكان كە دەبێ مرۆڤ بە كردەوە هەوڵی بۆ بدات. هەر رەخنەیەک كە دەكرێ لەم بارەیەوە، واتە دەربارەی پرسی حكومەت، لە ئیدارەو ئامانجەكانی مرۆڤی بگیردرێ، بابەتەكانی تریش دەگرێتەوە. لە هەموو بوارەكانی چالاكی مرۆڤدا سنوورەكانی هێزی ئینسان زۆر بەرتەسكە. ئیرادەی ئینسان تەنها بەكەڵكوەرگرتن لە هێزەكانی سروشت دەتوانێ كارێک ئەنجامبدات و لەم رووەوە هێزێ كە دەكرێ بۆ ئەنجامدانی خواستی مرۆڤ بەكار ببرێ دەبێ لە پلەی یەكەمدا بوونی ببێت و ئەم هێزانەش وەک دەزانین، بە پێی یاسای دیاریكراوی خۆیان كاردەكەن. ئێمە ناتوانین بەر بەشەپۆلی چۆمەكان بگرین بەڵام لەم زەلیلی و بێ دەسەڵاتیەمان بە هیچ ناگەین كە" ئاشە باییەكان دروستكراوی دەستی مرۆڤ نین بەڵكو روەكن!" لە تەكنیكی سیاسەتیشدا، وەک تەكنیكی میكانیكی، هێزێ كە ماشێن دەخاتە جووڵە دەبێ لە دەرەوە دابین بكرێ. ئێستاكە ئەگەر ئەم هێزە بوونی نییە، یان ئەوەی لە ئاستێكدا نییە كە بە سەر لەمپەرەكانی جووڵەی ماشیندا زاڵا بێت، ئامرازە دروستكراوەكانی دەستی مرۆڤ لە كار دەكەوێ. بەڵام ئەم رووداوە تایبەت نیە بە تەكنیكی سیاسەت بەڵكو دەربڕینی بێ پەردەو ئاشكرای هیچ مانایەک نادات كە زانستی سیاسەتیش لەگەڵا رووبەرووی ئەو بەرتەسكیانە دەبێتەوە كە بوارەكانی تری زانست رووبەرووی دەبێتەوە.

پەراوێزەكان:

١- (pnyx)(كە دەبێ لە پنۆكس بخوێنرێتەوە) ناوی تەپۆڵكەیەكە كە ئەسینا لە سەردەمی دیمۆكراسی یۆنان كە ونارا. باسەكانی گرێ دراو بە جەنگو ئاشتی و هەڵبژاردنی فەرماندە نیزامییەكان و هتد لەوێ بڕیاریان لە سەر دەدرا. فۆرۆم ناوی گۆرەپانێكی گەورە بوو لە رۆمی كەونارا كە ناوەندی كۆبوونەوە سیاسیەكان بوو.

٢- نابی لە بیربكرێ ستوارت میل ئەم بابەتەی نزیک بە ١٣٦ ساڵا لەمەوپێش نووسیوە، بەڵام ئەمرۆكە هێزی میدیا گشتییەكان( رادیو و TV ) لە بڵاوكراوەكانیش زۆر زۆرترە.

سەرچاوە : ماڵپەری رۆشنگەری

# كورتەیەک لە مێژووی ئاینزای شیعە



ئامادەكردنی: بەختیار ئەحمەد ساڵح

پێشەكی:

ئەمرۆكە ژمارەی موسڵمانەكانی جیهان دەگەنە زیاتر لە یەک ملیار كەس، بەلەبەر چاوگرتنی زیادبونی دانیشتوان لە بیست و پێنج ساڵی داهاتودا ئەو ژمارەیە دەگاتە نزیک بە دو ملیارد كەس. لەنێوان یەک ملیار باوەڕدار بەو ئاینەی بۆ محەمەد (د.خ) هاتە خوارەوە، نزیكەی (١٠%) تا (١٢%)ی پەیڕەوانی ئاینزای شیعە پێكی دەهێنن، واتە نزیكەی (١٤٠٠) ملیۆن كەس.

بایەخدان بە شیعەگەری نەوەک تەنها بۆ ئیسلام ناسەكان و لێكۆڵەران لە مێژووی ئاینەكان پێویستە، بەڵكو بۆ تەواوی ئەو كەسانەش پێویستە كە بایەخ بە كاروباری جیۆپۆلەتیک ئەدەن و كارێكە ناتوانن خۆیانی لێ لابدەن. شیعەگەری لەسەرەتای دروستبونییەوە ئاینی كەمینە و خەڵكە بێ دەرەتان و پەراوێزخراوەكانی كۆمەڵگا بوە. ئەم ئاینە لەسەر مەبەست و چارەنوسی مێژوی مرۆڤایەتی لە كۆتایی ژیان و قیامەت دامەزراوە، هەر بەهەمان هۆی سەروكاربونی بەكارەكانی جیهان بوە بە ئاینێكی شۆڕشخواز و شۆڕشگێڕ. كۆكردنەوەی ئەم دو تایبەتمەندییە واتە پەیوەست بونی بە كەمینە و دیدێكی پەیامبەرانە و لە ناواخنا شۆڕشگێڕ وایكردوە گەڕانەوەی شیعەگەری زەمینە سازی تەقینەوە بێت. شیعەگەری تەنانەت بەر لە سەركەوتنیشی لە ئێران لەساڵی (١٩٧٩)دا، بەهۆكارێكی كاریگەر دادەنرا، سەركەوتنی رێژەی شیعەگەری ئێرانی بەر لەوەی كە سەرچاوەی سروشت بێت بۆ دەوڵەتێكی كەم بایەخ، زۆر یارمەتی كۆمەڵگا شیعەكانیدا كە لەو ستییەی خۆیان بێنە دەرەوە. ئاینزای شیعە هەر لەیەكەمین رۆژی پەیدابونییەوە دابەشبوە بەسەر سێ گروپی نایەكساندا كە هەریەكەیان چارەنوسێكی جیاوازیان هەبوە :

١- زەیدیە كە ئەمرۆكە زیاتر لەناو یەمەندان.

٢- شیعەی حەوت ئیمامی كە ئەمرۆ بەسەر گروپگەلی جیاوازدا دابەشبون و زیاتر بەناوی ئیسماعیلیەكان دەناسرێن.

٣- شیعەی دوانزە ئیمامی كە لە ئێران و لوبنان و عێراقدا هەن. لەنێو ئەم شیعە دوانزە ئیمامییەشدا گروپ گەلێكی جیاواز هەن سیمای كۆمەڵایەتیان بەپێی سەرچاوەكانیان جیاوازە. بەم پێیە جیهانی شیعە جیهانێكی یەک پارچە نییە و نابێت نمونەی ئێران توشی هەڵەمان بكات.

### نەخشەی بڵاوبونەوەی ئاینزای شیعە لە جیهاندا

دنیای شیعە سەرباری تەواوی ئەو هەوڵانەی كە ئەدرێت بۆ یەكریزی و یەكپارچەیی نێوەند گەرایی، بەڵام هێشتا هەر پەرش و بڵاون، دوای ساڵانێكی زۆر لە مت بون ئێستا وردە وردە بێدار دەبنەوە. ئەم بێدارییە ململانێیەكی سەد ساڵەیە لە دژی سوننەكان كە هەمیشە هەوڵیان داوە شیعەكان سەركوت بكەن. هێزی شیعەگەری تەنها پشت بە پەیامی ئایینی نابەستێت، بەڵكو پشت دەبەستێت بە روبەڕوبونەوەی بەهێزەكان و بە وەفا بون بەرامبەر بەوانەی نادادپەروەرییان بەرامبەر ئەكرێت. هەرچەندە بەدرێژایی مێژوی خۆی لە دەرەنجامی پەیوەندی بەم یان بەو دەوڵەتەوە كە توندڕەو بون، لە پەیامی ئاینی و شۆڕشگێڕی خۆی دورنەكەوتۆتەوە. بەگشتی ئەتوانرێت بوترێت پرۆگرامی ئەم ئایینە لەروی دنیاییەوە بریتییە لە ژیان لە چاوەڕوانی دەركەوتنی ئیمام زەماندا هاوكات لەگەڵ ململانێ لەرێگەی جێگیركردنی دادپەروەری لەسەر روی زەمین.

ئاینزای شیعە بەم پێکهاتە فەلسەفی و ئاینییەی خۆی دەتوانێت وەک هۆکارێکی بێ وێنە کاربکات بۆ دروستکردنی ناسەقامگیری لە جیهاندا. لەڕویەکی دیکەوە گەرچی شیعەگەری لە ناوچەیەکی جوگرافیایی بەرفراوانە، بەڵام دیاریکراو پەرش و بڵاو بۆتەوە، کەوتۆتە دوای ململانێییەک کە بە بۆچونی خۆی جیهانگیرە. لەڕاستیدا دەتوانرێت مەهدیگەرایی شیعە بەراوردبکرێت بە کۆمۆنیزیم. کەمینەکانی شیعە ئەم جەنگە لە پێناو رزگارکردنی جیهاندا دەجەنگێت هەروەک چۆن لەبیروبۆچونی مارکسیەتدا پرۆلیتاریا لە پێناو تەواوی مۆرڤایەتیدا دەجەنگێت .

## مێژوی شیعە:

پێغەمبەر(د.خ) بۆ موسڵمانەکان وەک دواهەمین پەیامبەر و بەواتەیەکی دیکە (خاتەم ئەلئەنبیا)یە. ئەمە باسێکە تێکڕای موسڵمانەکانی جیهان لەسەری کۆکن، بەڵام پێغەمبەر تەنها وەک پێغەمبەر و نێردراوی ئاسمانی بەشێوە باوەکەی دەرنەکەوتوە، بەڵکو لەئاستی سەرۆکی دەوڵەت و رابەر لە لوتکەی کۆمەڵگای نێو موسڵماناندا بەدەر ئەکەوێت. هەروەک چۆن برنارد لویس لە کتێبەکەی خۆیدا ئاماژەی پێدەدات: (محەمەد لە دەرەنجامی هیجرەت کردن بۆ مەککە، لە شۆڕشگێڕێکەوە بو بەیەک پیاوی سیاسی، ئەو دەوڵەتەی کە ئەو بنەماکەی دانابو لەکاتی کۆچی دواییدا بەرەو ئەوە ئەڕۆیشت ببێت بە ئیمپراتۆریەتێکی گەورە). لەمڕووەوە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر، ململانێییەکی نوێ سەریهەڵدا سەبارەت بە رابەرایەتی کردنی میللەت کە تەنها جەخی دەکردەوە لەسەر پەیامە سیاسی ئاینییەکەی پێغەمبەر، ئەمەو سەرباری پلەوپایەی پێغەمبەر کە نەئەکرا جێنشینێک لە شوێنەکەی دابنرێت .

خولەفاکانی سەرەتا کە دوابەدوای پێغەمبەر رابەرایەتیان گرتەدەست و لە راستیدا لەیەک کاتدا دو رۆڵی پێشەوای سیاسی و رابەرایەتی ئاینیان دەبینی. ئەم کەسانە لەنێوان یارەکانی محەمەد هەڵبژێردران و ناوی (خولەفاری راشدین)یان لێنرا. لەراستیدا جیاوازی و جیابونەوە سیاسییەکان لێرەوە دەست پێ دەکەن. بەکورتی دەتوانرێت بوترێت تێکڕای شیعەکانی جیهان باوەڕیان وایە جێنشینی (خەلافەت) لە راستیدا دەبێت بگات بە عەلی کوڕی مام و زاوای پێغەمبەر (هاوسەری فاتمەی کچی محەمەد). لە بەرامبەردا ژمارەیەک لە موسڵمانان باوەڕیان وابو کە جێنشینی پێغەمبەر ئەبێت هەڵبژێردرێت. کەسانێک کە دواتر وەک دامەزرێنەری شیعە ناویان ئەهێنرێت و موریدەکانیان زیادتر لەگەڵ بۆماوەیی بوندا باوەڕیان وابو کە خەلیفە دەبێت تەنها لەناو خێزانی پێغەمبەردا هەڵبژێردرێت .

عەلی لە ساڵی (٦٦١)ی زاینی کوژرا و دروست دوای (٢٩ ) ساڵ لە کۆچی دوایی پێغەمبەر لەساڵی (٦٣٢)ی زایینیدا. لە پەیوەندی هاوسەری عەلی و فاتمە دو کوڕ لە دایکبون بە ناوەکانی حەسەن و حسێن. حەسەن لەگەڵ ئەوەشدا کە مەیلی بۆ دەسەڵات نەبو، زەهر خواردکرا و کوژرا. برا بچوکترەکەی کە ناوی حسێن بو هیچکات نەچوە ژێرباری ئەو رێکەوتنەی لەگەڵ معاویەدا پێکهێنرابو کە بە فەرمی کرابوە خەلیفەی نوێی پێغەمبەر و رابەری کۆمەڵگای نوێی موسڵمانان. لەدەرەنجامدا شاری دیمەشقی بەجێهێشت و لە مەککە پەنای گرت. دواتر لەوێوە چو بۆ میزۆرپۆتامیا و دەرەنجام لە شەڕی کەربەلادا کوژرا.

شەڕی کەربەلا لە خودی خۆیدا خاوەنی گرنگیەکی ئەوتۆ نەبو، بایەخێکی زیادتر پێدراو لەڕاستیدا بو بە بەشێکی گرنگ لە مێژوی شیعەگەریدا. بەڵام مەرگی حسێن لەم شەڕەدا کە نەوەی پێغەمبەر بو بۆ شیعەکان بو بە پەرچەمێک بۆ ململانێکردن لە پێناوی ئیسلامدا. لە پێناوی راست و چاکە و شەهیدبونی جەنگاوەرێکی ئاینی لەسەر هەق. هەر بەمهۆیەوە لەناو شیعەکاندا پەیوەندییەک دروستبو لەنێوان شەهید بون و راستی و بەرگەگرتنی رەنج و بەدەستهێنانی دادپەروەریدا. هەر لەمکاتەدا دەسەڵاتی تازە دروستبوی موسڵمانەکان زنجیرەی (بەنی ئومەیە) یان دامەزراند. لەڕاستیدا ئەوکاتە شیعەگەری دوای شەهیدکردنی عەلی و وەرنەگرتنی پایەی رابەرایەتیکردن لەلایەن حسێنەوە و دواتر شەهیدکردنی حسێن لە کەربەلادا واهاتە پێشچاو ئیدی لەڕوی سیاسییەوە بەتەواوەتی ئاینزای شیعە سڕاوەتەوە، بەڵام لە راستیدا هەر لەمکاتەدا کە کاتی سرینەوەی نەیاران بو، شیعەکان بنەماکانی خۆیان دیاریکرد و بون بە پەناگایەک بۆ توێژی کەسانی ستەمدیدە و نارازی لەو ئیمپراتۆریەتەی کە تازە دروست ببو زیاتر ئەو کەسانەی جا بەهەر هۆیەک بو بێت نەیان دەتوانی دەسەڵاتی عەرەبەکان قبوڵ بکەن، یا ئەو کەسانەی کە دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری بەنی ئومەیەیان قبوڵ نەبو. لە راستیدا بونی ئیمپراتۆریەتی عەرەب کە بە خێرای لە حاڵەتی گەورەبوندا بو توێژی بەرفراوانی کۆمەڵگای لەخۆی دورخستەوە. بەهەرحاڵ، سەرکەوتنەکانی موسڵمانان نابێت ببێتە هۆی دروستکردنی ئەو باوەڕەی کە کۆمەڵگا بەتەواوەتی لەژێر دەسەڵاتی سوننەکاندا بوە. لەوکاتەدا ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی وەک مەنجەڵێکی هەڵمی لێهاتبو کە تیایدا ململانێی میللی گەراو (ئەڵبەتە ئەگەر ئەم دەستەواژەیە بۆ ئەو سەردەمە بێ مانا نەبێت) کۆمەڵایەتی بە قاڵبی بزوتنەوەی رەتکەرەوەی جۆراوجۆردا تێکەڵ بەیەکبون، بە پێچەوانەی مێژوی مەسیحیەتەوە یەکەمین جیابونەوەکان لە نێو کۆمەڵگای موسڵمانەکاندا لەسەر کاروباری سیاسی بو نەوەک کاروباری ئاینی و خواناسی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت کاروبارەکانی چاخی ناوەندی ئیسلامی لە گۆشەنیگای سەدەی بیستەمەوە هەڵبسەنگێنرێت.

لەم کاتەدا، ئیسلام جیاوازییەک نابینێت لەنێوان کۆمەڵگای مەدەنی بەو چەمکەی ئەمڕۆی لەگەڵ ئایینیدا. خەلیفەکان هەم رابەرایەتی سیاسی و هەم رابەرایەتی ئاینی کۆمەڵگاکەیان لە ئەستۆدا بو. لەهەوڵدان بۆ رونکردنەوەی باسە ئاینییەکان لەڕێگەی ئەو گروپە جیاوازانەی پەیوەست بون بە شیعەکانەوە، زۆرجار سودیان لە بیروبۆچونی ئەفلاتونییەکان وەرئەگرت بۆ ئەو کارە، مەبەستی سەرەکیش لەم کارە زیادتر دەرخستنی جیاوازیان بو لەگەڵ سونەکاندا. بەم شێوەیە شیعەکان بەردەوام بون لەسەر روبەڕوبونەوە و سەرپێچی کردنی دەسەڵاتی سوننەکانی دیمەشق کە ئەوکاتە لەوێ دەسەڵاتیان بەدەستەوە بو و لەو باوەڕەدا بون کە ئیمام واتە جێنشینی پێغەمبەر و بۆ ئاراستەکردنی کۆمەڵگا و شیکردنەوەی سروشتەکان تەنها ئەبێت کەسێک بێکات لە خانەوەدەی پێغەمبەر بێت.

ئیمامی چوارەمی شیعەکان واتە کوڕی حسێن کە لە کوشتارەکەی کەربەلا رزگاری بو پاش ماوەیەک بەهۆی ژەهراوی کردنەوە گیانی لەدەستدا. ئەو لەماوەی ژیانیدا لەلایەن زڕبراکەیەوە کە ناوی زەید بو دوچاری دژایەتی بۆوە، لەم کێشمەکێش و ململانێییەی ناو خانەوادەدا، زەید توانی پشتیوانی شیعەکان بەدەست بهێنێت و (زەیدیە) دابمەزرێنێت. کەسانی ئەم گروپە لەو باوەڕەدابون کە جێنشینی پێغەمبەر لەنێوان پێنج ئیمامدا کۆبۆتەوە و هەر لەنێوان ئەو پێنج کەسەشدا دوایی دێت. لەڕاستیدا دروست بون و پەیدابونی شیعەی زەیدییە کە بەیەکەمین جیابونەوەی ئاینزای شیعە دادەنرێت لە نزیکەی ساڵی (٧٦٠)ی زاینیدا رویدا.

زەیدیەکان لە سەدەی نۆهەمی زاینی دا دەسەڵاتیان بەسەر بەشی باکوری ئێران واتە تەبەرستان دا هەبو کە ئێستا پێی دەڵێن مازندەران، ئەمڕۆ کە تەنها لە ناوچە شاخاوییەکانی یەمەن درێژە بە ژیانی خۆی دەدات. لەم نێوەندەدا بەشەکەی تری شیعەکان تەنها بنەماڵەی (عەلی) یان بە ئیمام قبوڵە واتە ئەو ئیمامەی کە کوڕی عەلی بون و پێنجەمینان ئیمام باقر بو .

ئیمامی شەشەم یاخود ئیمام (جەعفەری سادق)یش ژەهرخوارد کراو مرد. رۆڵی ئەو زۆر گرنگ بو، بە مردنەکەشی جیاوازییەکی زۆر دروست بو لەسەر جێنشینی و بون بە ئیمام. جەعفەری سادق کاتێک لە ژیاندا بوە کوڕەکەی خۆی واتە (ئیسماعیل) کردە جێنشینی خۆی، بەڵام گروپێک لە شیعەکان هەستان بە پشتیوانیکردنی موسای برای و ئیمامەتی ئەویان بە دروست نەزانی. ئەو گروپەی شیعەکان کە ئیسماعیلیان وەک ئیمام هەڵبژارد لەڕاستیدا بونە هۆکار بۆ جیابونەوەیەکی سەرەکی لەناو ئاینزای شیعەدا و باڵەکەیان بە ئیسماعیلیە یا حەوت ئیمامی ئەناسرێتەوە. لە گروپی حەوت ئیمامیش دواتر گروپی جیاوازتر دروست دەبێت. لێک جیابونەوە و دروستبونی گروپی ئیسماعیلیە لە ساڵی (٧٥٥) دا بو. بە بەراوردکردنی ئەم گروپە بە گروپی زەیدیە، دەتوانرێت بوترێت جیابونەوەی ئیسماعیلییەکان گەورەترین و لەهەمانکاتدا گرنگترین لێک جیابونەوە بوە لە مێژوی شیعەدا. باڵی ئیسماعیلییەکان لەسەرەتای بونیاندا توانایەکی زۆریان هەبو لەنارەزایەتییە سیاسییەکاندا کە جۆش و خرۆشێکی زۆری دروستکرد لە کاروباری ئاینی و هاوکات لەگەڵ ئەوەدا، بەشێکی دیکەی کۆمەڵگەی شیعە زنجیرەیەکی دیکە بە فەرمی دەناسن کە دواهەمینیان ئیمامی دوانزەهەمە واتە (محەمەد ئەلمەهدی) کە ئیمام زەمانیشی پێ دەڵێن.

هەمو ئیمامەکان چارەنوسێکی توندوتیژیان هەبوە، بەگشتی ئەتوانرێت بوترێت تێکڕایان یا ژەهرخوارد کراون یا کوژراون. بەڵام سەبارەت بە ئیمامی مەهدی شیعەکانی جیهان پێیان وایە ئیمامی زەمان دیار

سەرچاوە Serchawe

ئەماوە. لەڕاستیدا باوەڕهێنان بەم دیارنەمانە بنەماو پایەی شیعەی دوانزە ئیمامییە. هەروەک چۆن کە دیارنەمانی ئیسماعیل، دروستبونی باڵی ئیسماعیلییەکانی لێ کەوتەوە، (مەهدی)ش بەمەبەستی رابەرایەتی کردن، زەوی و خەڵکەکەی خۆی بەجێهێشت و بەم کارەش هۆکار بو بۆ دروست بون و دەرکەوتنی شیعەی دوانزە ئیمامی .

درک پێکردنی ئەم چەمکە کەمێک گران دێتە پێش چاو، چونکە دیارنەمان و لەبەرچاو ونبون چەمکێکی هاوشێوەی رۆیشتنی عیسا مەسیح نییە بۆ ئاسمان، بەڵکو ئەم دیارنەمانە بەپێی خواستی خواوەند رویداوە و تا توانای رابەرایەتی کردنی جیهان لە نادیاردا بدرێت بە مەهدی. لە راستیدا چەمکی دیارنەمانی ئیمام پەیوەندییەکی زۆر پڕ بایەخی هەیە بە شیعەگەرییەوە و تایبەتمەندی کۆتایی ئەم جیهانە رون ئەکاتەوە، ئاینزای شیعە لە چاوەڕوانی کۆتایی جیهان و گەڕانەوەی ئیمامی رۆیشتو کات بەسەر ئەبات. بەمانایەکی دیکە بەدوبارە دەرکەوتنەوەی ئیمامی زەمان مێژو بە چارەنوسی خۆی دەگات و توانای خواوەند بەسەر چارەنوسی مرۆڤایەتیدا زاڵ دەبێت.

لەکەنار باوەڕهێنان بە دیارنەمان و چاوەڕوانی دەرکەوتنی ئیمامدا، تایبەتمەندییەکی دیکەی ئاینزای شیعە ئەو بایەخەیە کە دەیدات بە دوبارە خوێندنەوەی دەقە ئاینییەکان. لە دیدی شیعەکانەوە وتارە ئاینییەکان پێکدێن لەیەک مانای ئاشکرا و یەک مانای نهێنی و لەسەر موسڵمانەکانە کە لەو مانا پیرۆز و راستەقینەیە تێ بگەن. ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە بوە هۆی بەهێزکردنی (مەعنەویت) و کەسانی ئەهلی نهێنی و بۆتە مایەی رونکردنەوەی ئاڵۆزییە دیارەکانی بۆچونی باڵە جیاوازەکانی ئاینزای شیعەگەری.

لە دیدی سیاسییەوە جیابونەوە لەنێو شیعەی ئیسماعیلی و شیعەی دوانزە ئیمامی هۆکار بو بۆ دروستبونی مەترسی لەسەر جێنشینی سونەکانی جێگیر لە بەغدا. لەڕاستیدا پەیڕەوانی ئیسماعیلییەکان کە ئیمامێکی حەوتەمی دیکەیان هەڵبژاردبو لەدیدی سیاسییەوە بە توندڕەو دەناسرانەوە. لەکاتێکدا شیعە دوانزە ئیمامییەکان بە میانڕەو دەناسرانەوە لە پەیوەندییاندا لەگەڵ سوننەکان.

دوابەدوای ئەو کێشمە کێشە لەسەر ئەوەی کێ راستە و ئەو ئاڵۆزییەی لە بیروبۆچونە ئاینییەکاندا هەبو، کەمینە شیعەکان بەرجەستەکەری تەواوی نارەزایەتییە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکانی ئیمپراتۆریەتی عەرەبەکان بون.

لەم قۆناغە سەرەتاییەی مێژوی موسڵمانەکان، شیعەکان بەهۆی ئەو دیدە تراژیدییە رەخنە ئامێزەی کە لە دەسەڵاتیان هەبو، هەلومەرجێکی لەباریان هێنایە ئاراوە لەسەرتاسەری ئیمپراتۆریەتی عەرەبەکاندا بەتایبەت لە بەشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەند و تا نزیک دەهات گەورەتر دەبو.

لە سەدەی یانزەهەمی زایینیدا، گۆڕانێک لەنێو کۆمەڵگای شیعەکان دێتە ئاراوە. واتە بۆ یەکەمین جار شیعەکان دەسەڵات دەگرنەدەست و بۆماوەی یەک سەدە زنجیرە یەک لەدوای یەکەکانی شیعە لەناوچە جیاجیاکانی جیهاندا سونەکان دەخەنە حاڵەتێکی بەرگرییەوە. فاتمییەکان کە شیعەی ئیسماعیلین دەسەڵات لە میسر ئەگرنە دەست، لە کاتێکدا کە (ئال بویە) کە شیعەی دوانزە ئیمامین لە بەشەکانی باشور و کەنارەکانی عێراق جێگیر دەبن. بەهەمان شێوە قرمتییەکان کە ئەوانیش هەر ئیسماعیلین، لەرێگەی حکومەتی بەحرەینەوە تەواوی ناوچەی کەنداوی فارسیان خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. ئەم زنجیرانە کە کۆنترۆڵی جیهانی عەرەبیان کردبو، ئەو ئیسلامەیان بڵاو کردەوە کە خۆیان دەیانویست، بەڵام خۆیان دەپاراست لەوەی بە زۆر بۆچونەکانیان بەسەر گەلانی دیکەدا بسەپێنن.

هەرچەندە سوننەکان درەنگ وەڵامیان دایەوە، بەڵام دەرەنجام بە توندوتیژی و سەرکوتکردنی تەواوی زنجیرە یەک لەدوای یەکەکان شیعەیان بەرەو لەناوبردن برد، لەڕاستی لەم قۆناغە بەدواوە سێهەمین قۆناغی گرنگی شیعەکان دەست پێ ئەکات: واتە مانەوە لەژێر سایەی سەرکوتکردن و پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتی. لەمکاتە بەدواوە شیعەگەری چوە قاڵبەکۆنە کۆمەڵایەتییەکەی پێشوتر، بەڵام ئەم جارەیان بوە خاوەن تایبەتمەندییەکی جیاواز لەجاران کە بریتی بو لە دابەشبونی جوگرافیایی شیعەکان.

بە هەڵاتن لەو زۆر و ستەمەی سوننەکان، شیعەکان پەنایان بردە ناوچە شاخاوییەکان و بونی شاخەکانی دەروز و عەلەوی و زیدیە و چەندی تر بەڵگەی ئەو حاڵەتەن. وردە وردەو لەماوەی چەند سەدەی دواتر زۆربەی زۆری شیعەکان لە شوێنە جیاجیاکاندا پەرژینیان بەدەوری خۆیاندا کێشاو خۆیان بەدورگرت لەو ناوچانەی سوننەکان تیایدا باڵادەست بون. ئەگەر چاوێک بە رۆڵی جیهانی ئیسلامدا بخشێنین زیاتر هەست بەم ناوچەگەرێتی و پەرژین کێشانە جوگرافییە ئەکەین. ئەڵبەتە جگە لە ئێران سەرجەم شیعەکان لە ناوچە دور و شاخاوییەکان نیشتەجێبون، ئەو ناوچانەی دەیانتوانی بەدور لە هەڕەشەکانی جێگیر لە دەشتەکاندا درێژە بە ژیانی خۆیانن بدەن لەگەڵ بیروبۆچون و هەڵسوکەوتەکانی خۆیاندا.

**کاتێک تورکەکان دەستدەگرن بەسەر دنیای ئیسلامدا و ئەیهێننە ژێر رکێفی خۆیانەوە، خۆیان وەک قارەمانی سونەکان نیشان دەدەن و رەشبینی و بێزاری شیعەکان ئەگەیەننە ئەوپەڕی .**

تەنها گۆڕانی گرنگ لە دنیای شیعەکاندا لەسەدەی نوێ قبوڵکردنی شیعەی دوانزە ئیمامی بو لەلایەن زنجیرەی سەفەوییەکانەوە وەک ئاینی فەرمی دەوڵەت لە سەدەی شانزەهەمی زاینیدا. تا پێش ئەم سەردەمە پەیڕەولێکەرانی ئاینزای شیعە و سونی لە ئێراندا بونیان هەبو. لەراستیدا پەیڕەو لێکردنی زنجیرەی سەفەوییەکان لە ئاینزای شیعە دەرەنجامی سەختی بەدوای خۆیدا هێنا. ئێران وردە وردە لەمەودوا بو بە بەشێکی دانەبڕوا لە شیعەگەری. تاسەدەی بیستەم جگە لەئێران کە لە چوارچێوەی سنوری خۆیدا دوچاری ململانێ و بەدەستهێنان و لەدەستدانی زەوی جۆراوجۆر بو سونەکان لە تێکڕای بەرەکاندا سەرکەوتو بون و پەیڕەو لێکەرانی ئاینزای شیعەیان تا ئاستی بە ئەهریمەن کردنیان لەناو کۆمەڵگادا هێنایە خوارەوە و لەچوارچێوەیەکی جوگرافیاییدا قەتیسیان کردن. تایبەتمەندی مێژوی هەزار ساڵەی ئیسلام لە دیدی جیۆپۆلەتیکییەوە هەمیشە لە مەیلێکی بەردەوامی سونەکان بۆ دورخستنەوەی شیعەکاندا کورت ببۆوە. جگە لەیەک حاڵەت ئەویش سەرکەوتنی شیعەگەری بو لە ئێران لەسەرەتاکانی سەدەی نوێدا .

تایبەتمەندییەکی دیکە، دابەشبون و لێک جیابونەوەیانە لەناو خودی ئاینزای شیعەدا. هەرچەندە دابەشبون لەناو ئاینزای شیعەی دوانزە ئیمامی زۆر پڕ بایەخ نییە، بەڵام لەڕاستیدا ئەبێت جیکاری بکرێت لەنێوان گروپێک لە پەیڕەوانی ئەم باڵە کە خاوەن پیاوانێکی ئاینی رێکخراو و پێکهاتەیەکی هاوئاهەنگە وەک ئێران، ئازەربایجان و عێراق و گروپێکی دیکەی شیعەی دوانزە ئیمامی کە پیاوانی ئاینی کەمتر هەژمونیان هەیە بەسەر تێکڕای لایەنەکانی ژیانیان.

بەڵام سەبارەت بە ئیسماعیلییەکان، ئەوا ئەبێت بوترێت کە دوای شکستی جێنشینە فاتمییەکان لە سەدەی یانزەهەمدا، ئەم باڵەش بەسەر چەند بەشێکی دیکەدا دابەش دەبێت. لە ساڵی (١٠٢١) دا کەسێک بەناوی (ئەلحەکیم) خۆی وەک (مەهدی نادیار) و ئیمام زەمان دەناسێنێت و باڵێکی دیکە لەژێر ناوی (دەروز) لە دایک دەبێت (کەلە بەشێکی جیاوازدا باسی لێوە دەکەین). دواتر ململانێ لەنێوان پەیڕەوانی ئیسماعیلییەکان لەسەر جێنشینی (ئەلموستەنیر) دو ناوی نەیاری دژ بەیەک بەناوەکانی (مستعلی) و (نزار) لە بەرامبەر یەکدا دادەنێت. لەدەرەنجامی ئەم جیاوازی و ململانێیە لە نێوان ئەم دو کەسەدا جارێکی دیکە باڵی ئیسماعیلییەکان دابەش دەبێت :

گروپی کەمینە یاخود (موستەعلی)یەکان کە ئەمڕۆکە پاشماوە کەمەکانیان لە یەمەن و هند هەن و گروپی زۆرینەش بریتین لە پەیڕەوانی (نزار)یەکان.

لەهەمان گروپی (نزار) دواتر گروپی ترسناکی (حەشاشەکان) دروست دەبێت کە بەشێوەیەکی بەردەوام کاری یاخیگەری و تاوانیان ئەنجامداوە لە دژی خەلیفەکانی عەباسی و تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان هێناوەتە لەرزە .

دوای گۆڕانە جۆراوجۆرەکان، گروپی ئیسماعیلییەکان دەستبەرداری رەوشی تیرۆریستی بون و لەناو شاخ و بیابانەکانی ئاسیای ناوەندا پەنایان گرت. ئەمڕۆکە ژمارەی پەیڕەوانی ئەم گروپە بە (١٥) ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێت کە کەسێک بە ناوی (ئاغا خان) رابەرایەتیان دەکات .

سەرچاوە
Serchawe

بەم شێوەیە ئەبینین جیهانی شیعە کە زیاتر لە هەزار ساڵ بەسەر دروست بونی دا تێدەپەڕێت، وەک گەردونێکە کە تیایدا پەیوەست بون و پەیوەندی نێوان گروپ و باڵە جیاوازەکان سەرچاوە وەردەگرنلەیەک ڕەگ و ریشەی بنچینەیی و هەمەڕەنگ.

پەراوێزخستنی سیاسی لە – جگە لە ئێران – دیدی دراماتیکی مێژویی کە لە سەرەتای دروستبونیەوە سەرچاوە ئەگرێت لەگەڵ پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتی و ئابوری ئەم ئاینەی کردۆتە (جیهانی چوار)ەمێک کە بەهۆی ملەندانی بە دەسەلاتی سونەکان، بۆتە ئاینێکی بێزلێکراو بەهۆی بەردەوام بونی لەسەر بەرپەرچدانەوە دەرکراوە و دواجار بەشێوەیەکی گشتی گومانلێکراوە بە یاخیگەری.

سەرباری پەرەسەندنی مێژوی ئەم بزوتنەوەیە مەیلێک بۆ توانای بۆماوەیی شیعەگەری هەیە، هەمیشە سەرچاوەی نمونەی باڵا لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵ لێوانلێوە لە توانایەکی زۆر بۆ تەقینەوە. سەدەی بیستەم گۆڕانێکی زۆری لە چەند پارچەیی مێژوی شیعەکان دروست نەکردوە. بەم حاڵەوە داگیرکردن و داگیرکاری و پەرەسەندنی ئابوری و کۆمەڵایەتی زۆرجار بەکۆمەکی –پارەی نەوت- هۆکار بون بۆ پەراوێزخستنی کۆمەڵگەی شیعەکان: هاتنە دەرەوە لە پەراوێزی جوگرافیایی لە دەرەنجامی پەرەسەندنی شارنشینی بە نۆبەی خۆی دەرەنجامی پەرەسەندنی ئابورییە، هەروەها هاتنە دەرەوە لە پەراوێزی سیاسی و کۆمەڵایەتی، پەیوەندیدارە بە دروستبونی توێژێک لەدەستە بژێرە نوێکان کە دێن بە هانای ئەو کۆمەڵگایانەی بەشێوەیەکی گشتی لەهەمو شتێک بێبەشکرابون .

نوسینی: فرانسوا توال / سەرچاوە: ژئوپلتیک شیعە

## پرۆفایل: وەزیری نوێی دەرەوەی ئەمریکا بناسە

جۆن فۆربیس کێری لە دایک بووی ١١ دیسامبری ١٩٤٣()ە لە (کۆلۆرۆدۆ) و دوێنێ وەک وەزیری نوێ دەرەوەی ئەمەریکا لەلایەن ئۆباماوە دەستنیشانکرا.



لە ماسەچوستس دەستی بەخوێندن کردووە وە دەرچووی بەشی زانستەسیاسیەکانی زانکۆی (یاڵیە) لە ١٩٦٦ .دوای ماوەیەک دەبێت بە ئەندامی ڕیکخراوێکی نهێنی بەناوی (سکەڵ ئاند بۆنس).

ڕیچاردی باوکی خۆبەخشانە کاری بۆ هێزی یەکەی هەوایی کردووە وەک فڕۆکەوان لەماوەی جەنگی جیهانی دووەم . ڕۆسێماری دایکی لەدرێژایی ژیانیدا چالاکوانی بواری مەدەنی بووە.

لەساڵی ١٩٦٦ پەیوەندی بە هێزی دەریایی کردووە. لەماوەی ساڵانی ١٩٦٦ تاکو ١٩٦٩ بۆماوەی٤ مانگ لە ڤێتنام خزمەتی کردووە وەک ئەفسەری بەرپرس بەو هۆیەوە چەندین جار خەڵات کراوە بە مەدالیای زیو ، برۆنز هەروەها ٣ مەدالیای (پێرپڵ هارت) کە جۆرە مەدالیایەکە دەدرێتە ئەو سەربازانەی کەلە جەنگ بریندارەبن.

کێری لە سەرەتای دەرکەوتنی وەک ڕابەرێکی دژی شەڕبوو.دوای ئەوەی کە گەڕاوە بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان، پەیوەندی کرد بە ڕێخراوی(سەربازە دێرینەکانی ڤێتنام دژی شەڕ) کە لەوێدا وەک قسەکەرێکی چاونەترس دەرکەوت دژی شەڕی ڤێتنام . ئەمەش دوای ئەوە بوو کە هاورێیەکی بەناو (دۆن درۆز) لە تەمەنی ٢٧ ساڵدا ڤێتنام کوژرا.

دوای وەرگرتنی پلەی( J.D) لە کۆلێژی یاسای زانکۆی بۆستن ،کە پلەی پارێزەریە، وەک یاریدەدەری پارێزەر ی ناوچەیی بە نوێنەری حکومەتی ئەمریکا دەست بەکار کردوە، وە لەگەڵ کەسێکی دیکە کۆمپانیایەکی تایبەتی دامەزراند.

لەسال١٩٨٢ تاکو ١٩٨٥ وەک ئەفسەرجێگری پارێزگاری (ماسەچوستس) کاری کردووە لە ژێر دەسەڵاتی مایکڵ دوکاکییس.

لەو پلەیەدا،کاری کردووە بۆ پاراستنی ژینگە .

کێری لە ساڵی ١٩٨٥ توانی ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی پیران . بۆماوەی سیجار لەسەریەک توانی بۆ ئەنجومەنی پیران سەرکەوتن بەدەست بهێنێت دواین سەرکەوتنی لە ساڵی ٢٠٠٢ بوو. جۆن بۆماوەی نزیکەی ٣٠ ساڵ خزمەتی کردوە لە ئەنجومەنی پیران. ئێستا وەک سەرۆکی لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیران کار دەکات. لەو پۆستەیدا زۆر لەنزیکەوە کاری لەگەڵ جۆن مکاین کردووە بۆئەوەی ڕاستەقینە بزانێت دەربارەی سەربازە ونبوەکانی ئەمریکا لە ڤێتنام.

لەسەرەتادا لەشەڕی نێوان عێراق-ئەمریکا ٢٠٠٣ دا پشتگیری دارایی لە ئەمریکا کردووە، بەڵام دواتر دژی ئەم شەڕە وەستایەوە تە نانەت لە کاتی خۆهەڵبژاردنی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ساڵی ٢٠٠٤ ئەم لەکامپەینەکانی بەکاری دەهێنا.

لەساڵی٢٠٠٣ دا،جۆن کێری ڕایگەیاند کە خۆی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەڵدەبژێرێت، بەڵام لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دا نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت بەرامبەر بە (جۆرج دەبلیو بۆش)

لە٢١ی دیسێمبەری ئەم ساڵدا لەلایەن ئۆباما، سەرۆکی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، بۆ پۆستی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دەست نیشان کرا.

کاندیدکردنی کێری بەتەواوی پێشبینی کرابوو دوای ئەوەی (سوزان ڕایس) ڕەتی کردەوە ئەو پۆستە وەربگرێت بەهۆی هەڕەشەی کۆمارییەکان بەهۆی ئەو هێرشەی کرایە سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەنگازی ( لیبیا).

بە پێچەوانەی هیلاری کلنتۆن ، کە ئۆباما ختسیە ناو کابینەکەیەوە دوای پێشبڕکی کردنی دژی ئۆباما لە هەڵبژاردنی ناوخۆی دیموکراتەکان بۆ سەرۆکایەتی ساڵی٢٠٠٨ ، کێری وەک کەسێکی دڵسۆز پشتگیری لە بەرێوەبردنی ئۆباماکردوە و هاریکاری کردوە.لە ساڵی ٢٠٠٩ دا کۆشکی سپی بەرێز کێری نارد بۆ ئەفغانستان تاکو دەربارەی هەڵبژاردنەکان ئەو کات لە گەڵ حەمید کارەزای گفتوگۆبکات.هەروەها،لە ئەنجومەنی پیرانیشدا هاریکاری ئۆبامابووە لە بەیاننامەی (نیو ستار) لە گەڵ ڕوسیا دا.

بەهۆی سەرکەوتنیەوە لەلایەن هاورێکانیەوە وەک "ئەسپی نمایش" ناو دەبرێت.

ئێستا ، جۆن کێری یەکێکە لە ١٠ باڵادەست ترین سیناتۆرەکان و دووەم دێرینترین سیناتۆرە.

کێری ژیانی هاوسەری لەگەڵ تێرێسا هێینز کێری پێکهێناوە کە دوو کچ و سێ کوڕیان هەیە.

کاتیش پێمان دەڵێت چەندە جیاوازە لە هیلاری کلینتۆن.

سەرچاوە ماڵپەری : ڕووداوێت

یەکبوون
کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون
ژمارە : ٣٥
Page : 12 Februar : 2013 / ٢٧١٢ی کوردی ڕەشەمەی لاپەڕەی : ١٢

# ڤالنتاین و.. تراویلکەی خۆشەویستی



شێرزاد حەسەن

ڤالانتاین ناچارمان دەکات بیر لە خۆشەویستی بکەینەوە،بەڵام دوور لە مانا سەراپاگیرییەکەی، بەڵکو ناچارتر دەبین بەوەی بیر لە پەیوەندی نێرو مێ بکەینەوە. پرسیارەکەش ئەوەیە:ئاخۆ بەراستی لەناو ئێمەدا بایی ئەوەندە خۆشەویستی بە ماف و هەقێکی ڕەوای هەر تاکێک لە ئێمە تەماشا کراوە؟ ئاخۆ سرووتی ئاهەنگئامێزی ڕۆژی ڤالانتاین وەک یادی عاشقێکی شەهید بۆ ئێمە رووکەشە یان بەراستی جۆشوخرۆشێکی راستەقینەیە؟ پرسیارەکە بەهیچ جۆرێک بۆ ئەوە نیە گومان لەو ڕێورەسمە بکەین کەچەند ساڵێکە وەرێدەخرێت، بەپێچەوانەوە "ڤالانتاین" لەتەک "کرسمس"دا دوو بۆنەن کە چەندە ڕۆژگار بچێتە پێشێ پڕ رەنگتر دەبن، خۆ گەر چەند کەسێکیش گوڵی سوورو دیاری بگۆڕنەوە شایانی ئەوەیە پێشوازی لێبکرێت. ئەم بۆنەیە بیانوویەکە تاوەکو شەنوکەوی ئەو فەزا خنکاوە بکەین کە کەمترین بوارمان بۆ دێڵێتەوە تاوەکو خۆشەویستی تێدا بکەین.گەر ئەوەندە سەرمەستین بەوەی خۆشەویست و عاشق بین،ئاهەنگی بۆ ساز بکەین، ئاخۆ چەندە ئەو سەرزەمینە سازو ئامادەیە؟ کەس ناتوانێت نکوڵی لەوە بکات کە حەقیقەتە تاڵەکە ئەوەیە کە بۆ مێ و نێری ئەم وڵاتە خۆشەویستی و عەشق ئەوەندە زەحمەتە کە لە مەحاڵ نزیک دەبێتەوە، بەهەزارەها ژن و پیاوی ئێرە،درۆ نیە گەر بڵێین بەملیۆنەها، لەدایک دەبن و دەژین و دەمرن بێئەوەی بەختی ئەوەیان هەبێت خۆشەویستی لە دەرگای دڵیان بدات،بەکارهێنانی دەستەواژەی "کەوتوومەتە داوی خۆشەویستی"یەوە ئاماژەیە بەوەی لە نەستی ئێمەدا عیشق تەڵەو فاقەیەکە کە پەلوپۆمان دەبەستێت. حەسرەت وئاخ وئۆف وسووتان وبرژانی دڵدارانی نێو گۆرانییەکان بۆ خۆی چیرۆکی ئازارێکی کوشندە دەگێڕێتەوە،مەرگ و لێکدابڕانی داستانەکانی ئەڤینداری ئێمە لەکۆنداو کوشتنی هەزارەها ئافرەت لەسەر کرێنەوەی شەرەف لەدێر زەمانەوە تاوەکو ئەو بیست ساڵەی دوایی: هەقایەتی ئەو تراژیدیاو جەهەننەمە دەگێڕێتەوە کە بۆ خۆشەویستی لەجۆشدایە.گەر بۆ هەر چیرۆکێکی ئەڤینداری ئەو دوو کارەکتەرەمان پێویست بێت، خودی نمایشەکە بەبێ ئامادەبوونی هەر یەکێکیان بەڕێوە ناچێت.بەبێ ژینگەیەکی تەندروست بۆ نێرومێ خۆشەویستی بەرکەماڵ نابێت، هەردوو کارەکتەرەکە لەناو ئەم کەلتوورە پڕ حەرامەدا وا گۆش نەکراون ئازادو خاوەن ویست بن، بەر لەوەی بچینە ناو خۆشەویستیی مەرجە مرۆڤەکان وەک تاکێکی سەربەخۆ پەروەردە کرابن و خاوەنی خۆیان بن، نەک کچ و کوڕی بنەماڵەوتیرەوهۆزو خێڵ بن،وا باوە کە درەختی خۆشەویستی لەژێر ئاسمانی سەربەستیدا سەوز دەبێت و گەڵاوگوڵ دەردەکات، لێرەو هەنووکە ئەو ڕۆحە سەربەستە نەڕسکاوە.هەر لە بنەڕەتدا وەها بەترس و شەرمەوە پەروەردە کراوین کە نە مێو نە نێرمان بەکەڵکی خۆشەویستی نایەن، ئەو ترس و شەرمە لەناو شیری دایکانماندا تواوەتەوەو ڕژاوەتە ناو خوێنمانەوە، ئێمە لەوە کۆیلەترو غەمبارترو پڕ کینەترین کە بتوانین گەمەی خۆشەویستی بەڕێوەبەرین. هەمووی بەلایەک..ئەوەی وایکردووە کە هەر لەسەرەتاوە ئەو گەمەیە بدۆڕێنین پەروەردەکردنی کچان و کورانی خۆمانە بەوەی کە لە یەکتری بترسێن و بە چیرۆکی یەکەمین گوناهی "دایکە حەوا" گۆشیان دەکەین، گێرانەوەی ئەو چیرۆکە لە تەمەنێکی ساوادا، لەناو ماڵەکان و مزگەوتەکان و مەکتەبەکاندا وامان لێدەکات کە لە هەموو نزیکبوونەوەیەکی ئەو دوو ڕەگەزە بترسین و زەندەقمان بچێت.




ئەوەیان یەکەمین هەوڵە بۆ کوشتنی سروشتی ئادەمیزادانەی ئێمە بەناوی خوداوە!

نێرینەش فێر دەکرێت کە بە ترس وقێزو بێزەوە یان بەوپەڕی شەهوەتەوە لە مێینە بروانێت، کە هیچیان ئەو دۆخە لەباروسازە دروست ناکەن وەک دوو مرۆڤی یەکسان و هاوشان و خۆشەویست یەکدی ببینن.ئەوەش ڕۆحی پەیوەندییەکە پڕ دەکات لە گومان و توندوتیژیو تۆرانێکی هەمیشەیی، دڵکرمێ و هەمیشە ئامادە بە جەنگ، تووڕەوڕق ئەستوور خوێناوی تا ڕادەی کوشتن و بڕین و کوتان. ژنی ستەمدیدەش وا فێرکراوە کە ڕەزامەندی خودا لە ڕەزامەندی مێردەوەیە،شکەستەباڵ وبێچارە بەو چارەنووسە ڕەشە قایلە. هەتا گەر ژمارەیەک لە ئێمە هەر بەراستی بەختی یار بێت و خۆشەویستی ببێت بە میوانمان، ئەوە بەهەزارەها کە خۆیان بەراورد دەکەن بە براوەکانی گۆڕەپانی عیشق،هەستدەکەن دۆڕاوو بەدبەختن،بێ هۆ نیە"هەردی" وتوویەتی: گەرچی دڵداری لە خاکی ئێمەدا ئەفسانەیە..هەر بەتەنها بۆ کوڕی خاوەن تەلارو عانەیە!

گرفتی خۆشەویستی ئەوەیە کە هیچ کۆرس و وانەیەکی نیە تاوەکو کچان و کوڕان مەشق وراهێنانی لەسەر بکەن،بەڵکو چالاکییەکی مرۆیی نەبڕاوەیە کە لەمیانەی زیندەگیو ژینی خۆمانەوە فێری دەبین، کە یان تێیدا شکەست دێنین یان دەسکە گوڵی خۆمان دەبەینەوە، هەرگیز لە خودی ژیان جیا ناکرێتەوە،تاکە گەمەیەکە کەئەگەر سەدەها یاساورێسای هەبێت، کەچی لەهەمان کاتدا وەک گەوهەرو ڕۆحی ژیان لەدەرەوەی یاساکان درێژە بەبوونی خۆی دەدات.هەر بۆیە جار هەبووە باشترین یاریکەری گۆڕەپانی خۆشەویستیی، لە هەموومان دۆڕاوتر بووە،سەدەها ڕاسپاردەورێنمایی پسپۆرانی عیشق گەرەنتی ئەوەی نیە گەمەکە ببەینەوە، لە ڕۆژئاوا"پەروەردەی سۆزداری" وانەیەکە بۆ مێ و نێرەکان و بە گوێرەی قۆناغە جیاکان لەتەک"لەشناسی" لە مەکتەبەکان دەخوێندرێت،وەلێ وەک زانستێک و ئەتەکێت و یاساو ڕێسای چۆنییەتی مامەڵەکردن لەبەرامبەر یەکدیدا زۆر بەکەڵکە کە ئێمە نیمانە و تەواو تێیدا کلۆڵین،بەڵام هێشتا وانەکان بەتەنیا داد نادەن، چونکە ژینگەی دەوروبەر و بینینی ئەو ژن و پیاوانەی چواردەوریان، بوون و ئامادەگی هەموو ئێکسسوارەکانی پێویست بە بەرکەماڵبوونی خۆشەویستیی مەرجی یەکەمە، بەکورتی بۆ ڕەفتاری جوان و ناشیرینی کچان و کوڕانمان لەهەر بوارێکدا بوونی"مۆدێل" گرنگە، دونیایەک ڕاسپاردەو ڕێنمایی و وانە و مەشقی سۆزداریو عیشق ناگاتە بوونی "مۆدێل"ێک لە عیشق و خۆشەویستی کە لەمنداڵییەوە دەیبینین، بۆنموونە دایکان و باوکان و مامۆستا و پەروەردەکارانی پڕ لە خۆشەویستی دەکرێت بۆ ئێمە ببنە نموونەی باڵاو ئایدیاڵ و جوانترین مۆدێل بۆ لاسایی کردنەوە، مرۆڤ بۆخۆی زیرەکترین گیانلەبەرە بۆ لاسایی کردنەوە.

سەرچاوە
Serchawe

گەر خۆشەویستی خەسڵەتێکی مرۆیی بێت و وەک هەنووکە سەلمێندراوە کە کۆرپەلەکانیش هەستی پێدەکەن و دەیخوازن، هەمووماں چاوەڕێی دەکەین و ئومێدی پێدەخوازین ، شیعروگۆرانیو فلیم وداستانی ئەڤینداری سەرمەستمان دەکات،وەلێ زۆربەی جارەکان سڵاوێکمان لێدەکات و میوانێکی دەگمەن وتیژتێپەڕە،لای ئێمە پتر لە تراویلکە"سەراب"دەچێت،لە بیابانی ژیندا هێماوئاماژەیەک بۆ ئاسۆی دوور دەکات وفریومان دەدات کە ئەوەندەمان نەماوە بگەینە"ئاوی حەیات" کە کانییەکەی خۆشەویستی-یە، کەچی دەڕۆین و لەوشکاییدا سەوڵا لێدەدەین و دەگەین و ناگەین لەناو لمی سارای سووتاودا دەخنکێین، زۆربەی چیرۆکەکانی حەزو خۆشەویستیمان پڕە لە حەسرەت وفرمێسک ودڵشکان،هەربۆیە"دی,ئێچ.لۆرانس"ی ڕۆماننووس بڕوای وایە کە پەیوەندی مێونێر لە جەنگێکی ژێربەژێری دەچێت کە یەکێکیان گەرەکییەتی سەربکەوێت.بەس لەگەڵا ئەو هەموو قەهرودەردو ناهەمەتییەکانی خۆشەویستیدا،هێشتا ئیرەیی و بەغالەت بەوانە دەبەین کە گیرۆدەن و عیشق دەبێتە میوانیان، لێرە خۆشەویستی کوشندەیە بەرادەیەک کە هەموو نزیکبوونەوەیەکی سۆزداری نێوان کچان و کوڕان، ژنان و پیاوان ڕق و ترسی زۆرینەی خەڵکی وەئاگادێنێت،چونکە تەنیایی خۆمان وەبیر دێتەوە،بگرە هۆگربوونی کچان وکورانی مناڵکاریش دەیانترسێنێت،هەربۆیە ژمارەیەکی زۆر لە کۆنەپەرستەکان داوای جیاکردنەوەی کچان و کوران دەکەن لە قۆناغی سەرەتاییدا،لەولاوە ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی کە قسە بۆ گەنجانی حیزبەکەی دەکات، زانکۆ بە "ژوانگە"ی دڵداری وەسفدەکات، بێئەوەی بۆ هۆکارەکان بگەڕێتەوە، هەتا ئەگەر واش بێت، ناپرسێت بۆچی لەم وڵاتی دوژمن بە خۆشەویستییە زانکۆ دەبێت بە ژوانگە؟ لە وڵاتێکدا کە شوێن و خانەی بۆ هەموو شتێک تێدایە، بێجگە لە کافیتریاو ژوانگەیەکی ئادەمییانە بۆ دوو کەس کە یەکدیان خۆشبوێت، هەتا گەر دڵدارەکانی پەیڕەوی یاساو ڕێساکانی خوداش بکەن.گەرچی خودا واتا خۆشەویستی. کام خۆشەویستی لە وڵاتێکدا کە هەر لەسەرەتای راپەرینەوە موسڵمانە سیاسەتبازەکان پاسی تایبەت بە کچان و تایبەت بە کورانیان تەرخان کردبوو تاوەکو یەکدی نەبینن نەوەکو یەکدی بخۆن!؟

گرفتی خۆشەویستی بەتەنیا ڕۆح ناگرێتەوە،چونکە بێ بوونی لەش خۆشەویستی بازنەیەکی تەواو ڕەسم ناکات، بەڵام لەناو کەلتووری ئێمەدا "جەستە"هەر لە "گوناهی یەکەم"ەوە هەم پیسەو هەم بەر نەفرین و لەعنەت کەوتووە، بەدەر لەو وێرانبوونەی دووانەی ڕۆح و لەش کە تەواو کراون بە دوژمنی بەیەکدی، بەکۆتوبەندی زۆر گەمارۆ دراون، بێ ئازادی هەر یەکێکیان ئەویدیکە ئازاد نابێت، پەروەردەی ئێمە وەها ترسنۆکە کە هەردووکیان پێکەوە دەکوژێت، هەر بۆیە لە دونیای ئێمەدا زۆر ئەستەمە کەسێکی تەندروست لەباری ڕۆحی و جەستەییەوە بدۆزینەوە، کەم و زۆر هەر هەموومان بوونەوەری "عوسابیین"، مرۆڤی دەمارگیر و کینەلەدڵا و ترسنۆک و شەرمن کە هێزی جەنگی خوێناوی زۆرترە تاوەکو خۆشەویستی، هەر بۆیە گومان سەرداری هەموو پەیوەندییەکی سۆزداری ئێمەیە. کارەساتی گەورە لە عیشقدا ئەوەیە کە ڕەنگە جاروبار بۆ پیاو گەمەکە خۆش و بێ سزا تێبپەڕێت، بەڵام بۆ ژنان باجەکەی خوێنی سەریانە، بۆیە"جەستە" بۆ مێ هەمان مانای نیە کە لەلای نێرینەکان هەیە،ژنان ناچارن بیر لەدوای خۆشەویستی بکەنەوە وەک بەرپرسیارییەتییەک کە دووچاری دەبن، سزاو باجی گرانی چاوەڕوانکراو بۆ مێ لەدوای گەمەی خۆشەویستی تەواو مەترسیدارە،کە ئەویش ترسا هەموو گەمەکە هەڵدەوەشێتەوە، چونکە پیاو کە "بکەر" بوو، ژن-یش "بەرکار"، کە وەک بابەتی لەزەت تەماشا کرا نەک وەک مرۆڤ، ئەوکاتەی ئەو "ئینسان"ەی ناو لەشی ژنەکەمان نەبینیو بەتەنها عەوداڵی چێژێک بووین،ئەوسا هیچ جوانی و هاوسەنگییەک لەنێوان ئەو دوو کەسەدا نامێنێت کە بەنیازن یاری خۆشەویستی ببەنەوە. لە کوردستان-ێک کە بەگەڕانەوە بۆ دوا راپۆرتی ڕێکخراوی"وادی" لە 60% ژنان و کچانی خەتەنە کراون بۆ ئەوەی ئاڵۆشدار نەبن،دیارە بە بۆچوونی من لە 100% خەتەنەی ڕۆحی کراون، باس لەکام خۆشەویستی دەکەین؟ خەمەکە لێرەدایە کە ئەوەی ئەوان دەیکەن ئیفلیجکردنی تۆخمی بەرامبەرمانە وەک مێ کە نیازمانە خۆشەویستی لەگەڵدا بگۆڕینەوە، ئەوەی مرۆڤەکان دەیبڕن هەم دژی خودایەو هەم ئینسان، چونکە خودا بۆ خۆی دەیتوانی ئەوەی کە ئێوە بە زیادی دەزانن لە لەشی ژنان: زاتی تەبارەکوەتەعالا بیبڕێتەوە، دە لێبگەڕێن و حیکمەتێکی ئیلاهی تێدایە مادامەکێ نەیبڕیوەتەوە! بە هەر دووبارەدا ستەمە، چ بەناوی ئایینەوە بێت و چ بە ناوی دابونەریتی کوردەوارییەوە،هەر کامیان بێت بەڵگەی ترس و هەترەشچوونی پیاوە لە ژن، لەدوا جاردا بەترس و تۆقینی ئێمە لە خۆشەویستی کۆتایی دێت.

پەشێوی و شێواوییەکی وا کوشندەی دەروونیی چ شوێن و زەمانێک دەدۆزێتەوە تاوەکو ئەو دوو کارەکتەرە بە یەکدی بگەن؟ ئەو دووانە خاوەنی هەمان ناموس نین و هەرگیز هەمان چارەنووس چاوەڕێیان ناکات گەر بەر لە شووکردن و گواستنەوە گەمەی خۆشەویستی تاوەکو کۆتایی ببەن،بەواتا دوو بوونەوەری جیاوازن، ڕەنگە پتر گومان وترس و ناکۆکی کۆیان بکاتەوە نەک خۆشەویستی، کەواتە کچە زاتی ئەوە ناکات گەمە بە چارەنووسی خۆی بکات کە شەرەفی موڵکی بنەماڵەکەی بێت،بێجگە لەوەی کە دەترسێت کوڕەی شەیدا سووک سەیری بکات گەر هەموو دەرگاوپەنجەرەکانی ماڵی حەزو ئەڤینی خۆی بۆ خستە سەر پشت، کەواتە خۆتەرخان کردنێکی عاشقانە مەحاڵەو ناچارە درۆ لەتەک سۆزو ڕۆح و لەشی خۆیدا بکات، چونکە ئەو کە دۆڕاندی، هیچ کەسێک بەزەیی پێدا نایەتەوە،هەتا پیاوەی عاشقیش ئامادەیە وەک نێرەکەوێک لە شەقەی باڵا بدات و بفڕێت و ماکەوەکەی بۆ ڕاوکەرەکان بەجێبێڵێت.لەناو ئێمەدا ئەو "عیسا" پێغەمبەرە پەیدا نابێت کە "مریەمی مەجدەلی" یەی زیناکاری لەناو بەردبارانی حەشاماتێک قورتار کرد کە وتی: کێ لە ئێوە بێ گوناهە با بەردێکی تێبگرێت!دیارە هەمووان بەردەکانی ناوچنگیان فرێدا.

گەمەی خۆشەویستی بەتەنها سۆزداری نیە، عەقڵ و ویستێکی گەورەی گەرەکە،کە لەوەها دۆخێکدا فەرهەنگی خۆشەویستی تێیدا هەژارە، فەراهەمبوونی زەحمەتە. لەهەمووی خراپتر ئەوەیە کە زۆرن ئەو پیاوانەی کە دوو شتی دژ بەیەکدی لە دڵدارو دەزگیران و ژنەکانی خۆیان دەخوازن: ئەوان خواستیانە کە وەک مێ هەم فریشتە بن و هەم سۆزانی بن وەک باری تەکنیکی، کە خانمان بە حوکمی پەروەردەیەکی وا سەقەتەوە بۆیان زەحمەت دەبێت تێکەڵێک بن لەو دوو دژە، بێجگە لە ڕق و تۆران و جەنگ هیچی دیکە نادوورنەوە، بەوە تاوانبار دەکرێن کە ساردومردەڵەوبێ زەوقن.ئێمە وەها پەروەردە کراوین کە دایکان و باوکانمان هەرگیز سێکس ناکەن و ئێمە لە دوای رشانەوەی دایکانمانەوە کەوتینە خوارەوە یان حاجی لەقلەق بەدەنووک هێنامانی و هەڵیداینە ناو حەوشەکانەوە، ئەم وێنەیە خواهانەیە چونکە تەنها خودا بێ سێکسە، لەوەها پەروەردەیەکی داڕزیوو پڕ لە ڤێزوبێزو شەرمنۆکدا چاوەڕێی چی لە ئێمە دەکرێت؟ئێمە دەتوانین تاوەکو قیامەت لەبەرچاوی یەکدی وای بنوێنین کە یەکدیمان خۆشدەوێت، ئەوەیان تاکە نمایشێکە کە وەک ئەکتەری سەر شانۆ بەبێ دەرهێنەر تا دادانەوەی دواهەمین پەردە تەماشاکەرانی پێ سەرسام دەکەین،وەلێ لە پشت پەردەوە چ خوێناویانە شیر و تیغ لەیەکدی دەسووین و کەس پێی نازانێت.زیندەگی درۆزنانەو ریاکارانە دەستووری نەنووسراوی زۆرینەیە،لە کایەی سیاسیو کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیدا.

نێرومێ تەنها ئەوکاتە دەتوانن پێکەوە سۆزێکی راستەقینە بگۆڕنەوە کە هەر یەکەیان بەویدیکە بڵێت: من بەجیا لە تۆ هەم، ئێمە گیانێک نین لە دوو جەستەدا، من وتۆ دوو گیان و دوو جەستەی جیاوازین، خاوەن دوو موود و خوو و خدەی جیا،ئێمە بەو جیاوازییانەوە جوانین و یەکدی تەواو دەکەین، وا مەرج و پێویستە کە لەسەر ناکۆکییەکانمان ڕێکبکەوین، وا چاکترە ئەوەندە ئازا بین کە دانی پێدا بنێین هەر یەکەمان بۆ ئەویدیکەمان بەتەنها مایەی خۆشی نیە، بەڵکو دەشێت مایەی خەم و دۆڕان و مەترسی بین.

بەڵام لە کەلتووری ئێمەدا پیاوان لەو خۆجیاکردنەوەی ژنان دەترسن و بە تێکچوونی شیرازەی خێزانی تێدەگەن، هەر ئەو ترسەشە وا دەکات کە هەرچی هێزی مادی و مەعنەوی بێت پیاوان بیخەنە ناو چنگی خۆیانەوە، گەرچی ژنان بەقەد پیاوان رەنج دەکێشن.بانگەشەکردنی نێرینە کۆنەخوازەکان بەوەی کە شوێنی شیاو بۆ ژنان کوونی ژوورەوەیەو راپەراندنی ئەرکە پیرۆزەکەی خۆیەتی کە پەروەردەی منداڵانە، بێجگە لە ترس و بێمتمانەیی بەخۆیان هیچیدیکە نیە،سەرباری بێمتمانەیی بە بەرامبەرەکەی.پیاوان بەوە گرەویان بردۆتەوە کە دەزانن ژنەکان وا پەروەردە کراون کە ماڵدار و خۆبەخش و کەیبانووی چاک و گوێڕایەڵا بن، هەر کە منداڵی بوو ئامادەیە خۆی بکات بە قوربانی، لەوەش دڵنیایە ژنی تەڵاقدراو لای ماڵەباوانی خۆشەویست نیە.

چ ئیقاعێکی دەبێت ژیانی سۆزداری ئەوکاتەی داوا لە خانمان دەکرێت ڕێزێکی زۆر لە پیاوەکانیان بگرن،بەڵام پیاوەکان ناچار نین بەهەمان ڕێزەوە بەرخوردی جوانیان ببێت، نێرینە بۆ هەمیشە بەدوای فیزۆشکۆمەندیو ناوی خۆیدا وێڵە، هەموو نەخێروگومان وپرسیارێکی مێینە تووڕەی دەکات، واش پەروەردە کراوە کە ئەگەر سۆزیشی هەبێت، واجوانترە دوور لەچاوانی ئاشناو بێگانە دەریببڕێت، ناچارە بەوەی

سەرچاوە Serchawe

ئەوەندە بیشارێتەوە کە ئیتر هێزی خۆشەویستی نەمێنێت. زۆرن ئەو پیاوانەی کە بەخۆیان دەنازن تەنها لەبەرئەوەی کە نێرن، ئەوەش بەسە بۆ ئەوەی ببنە کەڵەگا.چ پیاو و چ ژن گەر ڕۆح زل و بەفیزو قەڕوح بوو،زەحمەتە ئەو هێزەی ببێت کە خۆشەویستی لەلا ئامانج بێت، خۆشەویستی ڕەگ وریشەی وا لەناو سادەییدا.هەموو دونیا بۆ پیاوان والایەو کەچی هەر ستەمکارو دڵتەنگن و ئاسان شەڕ بە دارو دیوار دەفرۆشن، ژنان زۆربەی کات لای خۆمان ناچارن لەناو ماڵەکانیان و یان لەجیهانێکی زۆر بچکۆلەدا گیر بخۆن، کەچی لێبوردەو بەخشندەو ڕۆحپەروەرن، ئەوان بۆ خۆیان ژیان دەبەخشن و لەهەمان کاتدا ئێمەش لەناو ئەو ژیانەدا راگیر دەکەن،ئەوان هێشتا لاقێکیان وا لەناو سروشتدا، بۆیە بیانەوێت یان نا هەر بە غەریزە دەبنە کانگای زیندەگی ، قوربانیدان ڕۆڵێکی سروشتی خۆیانە جا چ ئازاد بن و چ کۆیلە،بە بەراورد لەگەڵا پیاو کە خۆپەرستی پانتاییەکی زۆری لە ڕۆحی دەستەڵاتخوازانەی داگیر کردووە، ژنان مەحکوومن بەوەی میهرپەرەر و دوور بن لە خۆپەرستی.لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا گەر ئامادە نەبێت خۆشەویستی وەربگرێت یان بیبەخشێت،هەر هەمووان دادگایی دەکەن کە بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵنەستاوەو ڕۆڵی ژنانەی خۆی نەبینیوە، بۆی نیە نە باوک و نە براو نە مێردو نە منداڵەکانی نائومێد بکات،ڕۆح و لەشی موڵکی هەموانە بەدەر لە خۆی،وەک ئەوەی سروشت و کەلتوور پێکەوە ئەم ئەرکە بەتەنها بە هی ژن بزانن، گەرەکە ئەم لە پێناو هەمواندا بمرێت بێئەوەی بۆ خۆی بژی،ئەوەش ئاسان نیە کە خۆی بارتەقای ئەو قوربانیدانە خۆشەویستی بەرنەکەوێت،ئەو وەک ڕووبار وایە کە سەر هەردوو کەناری خۆی ئاوەدان دەکاتەوە بێئەوەی لە خۆی بخواتەوە،ئەوەیان کوشندەیە کە ڕۆح و لەشی خۆی فەرامۆش بکات تا قیامەت،کەچی خۆشەویستی بەخشین چارەنووسی ئەو بێت.لەبەرامبەردا لەنێو خێڵی نێرەوزدا دابین نەکردنی کەمترین پێویستییەکانی ڕۆح و لەشی پیاو چاوپۆشی لێناکرێت، هەموو یاساو دەستوورەکانی ناو ئایینەکان داوا لە ژنان دەکەن کە بۆ هەمیشەو تا ماون ئامادەو سازو چاپووک بن لە وەڵامدانەوەی هەموو حەزو ئارزووەکانی پیاوان،دەنا بەر نەفرەت دەکەون هەتا گەر دڵسۆزو گوێڕایەڵیش بن، هێشتاکو وەک ئایینەکان پێماندەڵێن کە ئەم دونیایە"فانی" و تیژتێپەڕە و ئەو ژنانەش کە ئێمە هەمانە هەر هیچ نین بە بەراورد لەگەڵا حۆری و پەریزادەکانی بەهەشت کە دەبنە ژنی راستەقینەی ئێمە لە "دار البقاو". ژنان لە سەردەمێکی دێریندا خوداوەندی ژیان و حیکمەت و پیت و فەڕ و خۆشەویستی و شیفا و چارەرسەرکەری دەرد و دوو بوون، کەچی دینە پاتریارکی و نێرسالارییەکان ئەو خوداوەندانەی کوشت و ئەو ڕۆحەی لە ژنەکان سەندەوە، زۆر شێلگیرانە خۆی بەسەر "سروشت" و "مێ" دا زاڵ کردو بوو بە کەڵەگا، لەمیانەی وێرانکردنی ڕۆحی ژن و ڕۆحی سروشت وا خەریکە پیاو خۆی وێران دەبێت و ڕۆحی دەپوکێتەوە، ئەو رابردووە شکۆمەندو پیرۆزو جوانەمان لە ژنان دزی، کەچی داوایان لێدەکەین بەیانی و ئایندەمان بۆ دروست بکەن..وەلێ هەیهات!

*ڤالنتاین یان ڤەڵەنتاین: کە لەلای ئێمە بە"ڤالانتاین" ناسراوەو ڕێکەوتی چواردەی ڕەشەمێ دەکات، دڵداران و گەنجان بە مێ و نێرەوە لەو ڕۆژەدا کارت و دیاری گوڵی سوور وەک ڕەمزی خۆشەویستی دەگۆڕنەوە.وەلێ لای ئێمەش بە شەرمەوە کەمینەیەک لە گەنجان ئەو ڕێورەسمە بەڕێوە دەبەن.

سەرچاوە : ماڵپەری دەنگەکان


==========================================================================

# مێژووی کۆمپیوتەر

لە ویکیپیدیا، ئینسایکڵۆپیدیای ئازاد

## مێژووی کۆمپیوتەر

کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە ڕەوتی گەشەسەندنی مادی و شارستانی دا پێویستی بە ژمارە و پێوانە بووە، بۆ دروستکردنی ئەو ئامێرانەی کە بۆ ئەم مەبەستە بە کەڵک دێن زۆری هەوڵداوە. لە چورتکە کەیەکەم ئامێری ژمێریاری بووە تا دەگاتە کۆمپیوتەر مێژوویەکی هەزاران ساڵی هەیە. ماوەیەکی دوورەدرێژ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی نەیدەتوانی یان نەیدەزانی ئەوەی لە ژیانی ڕۆژانەدا دەگوزەرێ بیکاتە ئەرشیف و هەڵیگرێ و تا لە پاشاندا کەڵکی لێوەرگرێ. ئامێرێکی ژمێریاری کۆن سەرەڕای ئەوە سێ هەزار ساڵ بەسەر تەمەنیدا تێپەڕ دەبێ کەچی هێشتا لە زۆر شوێنی دونیادا باوی ماوە و کەڵکی لێوەردەگیرێ.



مەکینەی چورتکە ( Abacus )



مەکینەی پاسکالاین ( Pascaline )

## داهێنەری کۆمپیوتەر کێیە

زۆرکەس ئەم پرسیارە دەکات و وەڵامەکەی دیاریکراو نیە، چۆن ئەم ئامێرە گرنگە ( کۆمپیوتەر ) پەرەی سەندووە کە لە ژیانی ڕۆژانەمان بەکاری دەهێنین ئەو ئامێرەی کۆمپیوتەر کە ئێستا بەکاری دەهێنین لەسەر کۆمەڵێک هەنگاو داهێنراوە یان پەرەی پێدراوە بەدرێژایی سەدان ساڵ، وە ئەم پەرەسەندنانە بەپێی پێداویستیەکانی مرۆڤ بووە لە هەر هەنگاوێک لە هەنگاوە جیاکانی ژیان.بیرۆکەی کۆمپیوتەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەرەسەندنە سەرەتاییانەی ژماردن (الحساب) کە مرۆڤ بۆ ئاسانکردنی کارەکانی ژمێرکاری لەو سەردەمەدا بەکاری دەهێنا لە سەردەمی کۆندا "چورتکە" ئاباکوس Abacus وەک یەکەم ئامێر بەکارهێنراوە وەک ئامرازێک کە کاری ژماردنی بەئەنجام دەگەیاند، لە ساڵی ١٦٤٢ بلایز پاسکال Blaise Pascal گەنجێکی ماتماتیک زانی فەرەنساوی یەکەم مەکینەی ژمارەیی میکانیکی داهێنا بۆ ژماردن ناوی لێنرا پاسکالاین Pascaline ، ئەم ئامێرە ژمارەکانی کۆ/کەم دەکرد بەلام نرخەکەی زۆر گران بوو بۆیە بەرێژەیەکی زۆر بڵاو نەبووەوە. خاڵێکی گرنگ لە ئامێرەکەی پاسکال ئەوە بوو کە دەیتوانی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەتا دە ژمارەیی کۆ کاتەوە، بەڵام کردارەکانی ئەو ئامیرە سنووردار بوو و تەنیا دەیتوانی کردارەکانی کۆکردن و کەمکردن ئەنجام بدا.

لایب نیتز Libnitz ماتماتیک زانی بە توانای ئەڵمانی توانی ئامێرێک دروست بکا بە ناوی ئامێری ژمێریاری (حاسوب .(Calculator) ئەو ئامێرە لە توانای دابوو سەرەڕای کۆ و کەمکردن بەشێوەی ئامێرەکەی پاسکال دەیتوانی جاران و دابەشکردنیش ئەنجام بدا. پاش ئەم ئامێرەی لایب نیتز هەولدان بۆ ئامێری ژمێریاری درێژەی پێدرا و سەرکەوتنی بەرچاویش لەم بوارەدا هات دی.

وە لەساڵی ١٨٠٤ جۆزیف ماری ژاکارد Joseph Marie jacquard ئامێرێکی داهێنا لەسەر کارتی کونکراو کاری دەکرد (Punched Cards) کە زانیاری و وێنەکان بەشێوەی کونکراو لەسەر کارتەکە دروست دەکرێت و دواتر مەکینەکە کونەکانی سەر کارتەکە دەخوێنێتەوە و لەسەر قوماشێک وێنەکە جێبەجێ دەکات.

## سەرەتای دروستبوونی کۆمپیوتەرە سەرەتاییەکان


ئامێریەکەی ژاکارد ( Jacquard )

**چارلز باباج (Charles Babbage) باوکی کۆمپیوتەر:**

لە ساڵی ١٨٣٣ ، زانای ئینگلیزی چارلز باباج یەکەم مەکینەی میکانیکی داهێنا، بە یەکەم کۆمپیوتەر دادەنرێت ، لەبەر ئەوە نازناوی "باوکی کۆمپیوتەر"ی لێنرا، مەکینەکەی باباج وەک ئامێرێکی ژمێریاری کاری دەکرد، وە دواتر پەرەی پێدا بۆ ئامێرێک کە بە هەڵم (بخار) کاربکات، بەڵام ئەم ئامێرە جیاوازە لەگەڵ هەموو ئامێرەکانی تری پێشوو لەبەر ئەوەی زۆر هاوشێوەی کۆمپیوتەری ئێستایە، چونکە ئەم مەکینەیە توانای ئەوەی هەیە فەرمانەکان جێبەجێ بکات (وەک پرۆگرامۆکەی بچوک) وە بیرگە میمۆری تێدابو وە دو یەکەی هاوردن و هەناردنی زانیارییەکانی تێدابو وە هەروەها یەکەی لێکدەرەوە و ڕێنماییەکان، هەر یەکەیەک جیابوو لەگەڵ ئەوەی تریان کە ئەمەش یارمەتی دەرێک بوو لەسەر پەرەسەندنی یەکەکان، بەهەمان شێوەی ئێستا کە لە ئامێرەکانی کۆمپیوتەری سەردەم دەبیندرێت.

لەو سەردەمەدا ناوی کۆمپیوتەر (Computer) دروست بوو، بەهۆی ئەوەی لەو سەردەمەدا یان لەو کاتەدا ئەو کەسانەی کاری ژمێریارییان ئەنجام دەدا پێیان دەوترا (Computers) کە ئەو ووشەیە لە Compute وەرگیردراوە بە مانای ژمێریار دێت.

وە هەروەها لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا لە جیاتی سیستەمی ژمارەیی دە دەیی کە پێکهاتووە لە ژمارە سفر هەتا ٩ سیستەمی ژمارەیی بنەمای دوو پەرەپێدرا واتا سیستەمێک گشت ژمارەکان تەنیا لەسەر ژمارە سفر و یەک پێک دێن، سوود وەردەگرن. وە دواتر ئەم سیستەمی بنەمای دوو بەکارهێنرا بۆ دیزاینکردنی بازنە کارەباییەکانی کۆمپیوتەر، کە سەرجەم زانیارییەکان پێکدێت لە شێوەی ژمارەکانی (١،٠). وە ئەم سیستەمی ڕێژەییە دیزاینکردنی بازنە کارەباییەکانی ئاسان کرد لەبەر ئەوەی ژمارە ١ = ڤۆلتی بەرز وە ژمارە ٠ = ڤۆلتی نزم ، وە تاوەکو ئەمرۆش هەموو زانیارییەکانی ناو کۆمپیوتەر لە شێوەی سفر و یەک پێکدێت.


مەکینەی میکانیکیەکەی باباج ( Babbage )

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم دا وە لە سەرەتای سەدەی بیستەم گەشەسەندن و پەرەسەندنی کۆمپیوتەر دەستپێیکرد، هەر لەو کاتەدا دکتۆر هێرمان هۆلریپ Herman Hollerith کە پسپۆرێک بوو لە نووسینگەی سەرژمێری ئەمریکادا، شێوەیەکی میکانیکی داهێنا کە ئەم شێوازە ٨ جاران خێراتر بوو لە جارەکانی پێشووتری ,Tabulating machine چۆنیەتی ئیش کردنی ئەم ئامێرە بەم شێوەیە بوو کە هەر زانیارییەک کە دەدرایە ئامێرەکە لە خاڵێکی تایبەتی لە شریتی کاغەزەکەدا کونێک دروست دەکرا و ئامێرێکی دیکە دەیتوانی بە یارمەتی وەرگرتن لە بازنەی ئەلکترۆنی هەست بەو کونانە بکا. هەرچەندە بەکارهێنانی ئەم کارتە کارتۆنیانە بۆ یەکەمجار لەلایەن (ژاکارد) کە هاووڵاتیەکی فەرەنسی بوو بۆ مەبەستی کۆنترۆڵی ئامێرەکانی پارچە چنینەوە بە کار دەهات. لێرەدا واژەی تاقانە کار Unit- Record بۆ ئەو ئامێرانەی کە کاروباری بازرگانی ئەنجام دەدەن وەک واژەیەک هاتە ناو فەرهەنگەوە، پاش ماوەیەک (هۆلریپ) ئامێرەکانی خۆی بۆ کاروبارەکانی بازرگانی پەرە پێدا. لە ساڵی ١٨٩٦ کۆمپانیایەکی بۆ دروست کردن و فرۆشتنی داهێنانەکانی دامەزراند. پاشان ئەو کۆمپانیایە لەگەڵ جەند کۆمپانیای دیکە تێکەڵ بە یەک بوون و کۆمپانیای گەورەی IBM, International Business Machines بە واتای کۆمپانیای ئامێرە بازرگانییە نێودەولەتیەکان یان پێک هێنا.


یەکەم ئامێری کۆمپیوتەری ئەلیکترۆنی ژمارەیی لە (Durham center) لە زانکۆی ئەیوای ئەمریکا.

یەکەم ئامێری کۆمپیوتەری ئەلیکترۆنی ژمارەیی لە ,Durham Center زانکۆی ئەیوا ی ئەمریکاوە لە ساڵی ١٩٣٩دکتۆر جۆن ئەتاناسۆف Dr. John V.Atanasoff لەگەڵ یاریدەرەکەی کلیفۆرد بێری Clifford berry لە زانکۆی ئەیوا ی ئەمریکایی یەکەم ئامێری کۆمپیوتەری ئەلیکترۆنی ژمارەیی دروست کرد، ئەم ئامێرە بە یەکەم کۆمپیوتەری ڕاستەقینە دادەنرێت لەبەر ئەوەی بێشکەی دواین پەرەسەندنە لە بواری کۆمپیوتەری ئەلیکترۆنیدا، چونکە ئەم ئامێرە لەسەر سێ بنەمای سەرەکی داڕێژرابوو کە بریتین لە-:

١- بەکارهێنانی سیستەمی ژمارەیی بنەما دوو بۆ نواندنی ژمارەکان و زانیارییەکان (١و٠)

٢- ئەنجامدانی کارەکانی ژمێریاری بە بەکارهێنانی بازنەی ئەلیکترۆنی لە بری ڕەورەوەکان و کلیلە میکانیکیەکان

٣- دروستکردنی سیستەمێک پەیوەست بوو لەسەر جیاکردنەوەی کارە ژمێریارەکان لە بیرگەMemory

وە لە ساڵی ١٩٤١ کۆنراد تسوز ی ئەڵمانی (Konrad Zuse) یەکەم ئامێری کۆمپیوتەری خستە بەر دەست کە دەتوانرا پرۆگرام بکرێت بۆ چارەسەرکردنی لێکدانەوە ژمێریاریە ئاڵۆزەکان. کۆمپیوتەری ئەلیکترۆنی بەردەوام بوو لە پەرەسەندن تاوەکو زمانەکانی پرۆگرامسازی پەرەی سەند و توانرا پرۆگرامەکان بە زمانێکی هاوشێوەی زمانی ئینگلیزی دابرێژرێن و کۆمپیوتەر لە زمانەکە تێبگات و جێبەجێی بکات (پرۆگرام بریتیە و پێکدێت لە کۆمەڵێک فەرمان)

سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو پەرەسەندنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی، کە کۆمەڵێک زانا لە کۆمپانیای ئینتێل (Intel) یەکەم لێکدەرەوەی ناوەندیی چارەسەری، مایکرۆپرۆسیسۆر (Microprocessor)یان داهێنا، کە بە دڵی سیستەمی کۆمپیوتەر دادەندرێت، وە توانرا ئەم ناوەندیی چارەسەرییە پرۆگرامبکرێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دیاریکراو کار بکات.

وە لە ساڵی ١٩٧٥ بیل گەیتس Bill Gates لەگەڵ پاول ئالێن Paul Allen یەکەم پرۆگرامیان دروست کرد کە پرۆگرامەکە کاری وەرگێڕانی زمانی پرۆگرامسازی بەیسک (Basic) ی ئەنجام دەدا لەسەر ئامێری کۆمپیوتەری مۆدێل Altair ٨٨٠٠ . لێرەدا کۆمپانیای بەناوبانگی مایکرۆسۆفت Microsoft دروستبوو، کە کۆمپانیای مایکرۆسۆفت سەرکەوتنی بەدەست هێنا لە فرۆشتنی یەکەم سیستەمی کارپێکردن (Operation System) کە سیستەمی دۆس بوو DOS. Disk Operating System ، وە لێرەدا سەرەتایەک بوو لە بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی کۆمەڵێک پرۆگرام وەک پرۆگرامی نوسین و ژمێریاری، وە هەروەها سیستەمی کارپێکردنی ویندۆز (Windows) کە یەکەم وەشانی لە ساڵی ١٩٨٥ دەرچوو، وە دواتر هەردووک کۆمپانیای بەناوبانگ مایکرۆسۆفت و ئای بی ئێم کەوتنە بەربەرەکانی لە دەرهێنانی سیستەمی کارپێکردن و پرۆگرامی وێنەیی لەسەر پیشانگەری ڕەنگاوڕەنگ Graphical User Interface بۆ ئاسانکردنی کارەکانی بەکارهێنەر لەگەڵ کۆمپیوتەر. بەم جۆرە لەگەڵ بەردەوامبوون و پەرەسەندنی ئەلیکترۆنی قەبارەی ئامێری کۆمپیوتەر بچووک بووەوە کۆمپیوتەری کەسی Personal Computer دروست بوو، کە هەموو کەسێک بتوانێت ببێتە خاوەنی کۆمپیوتەرێکی تایبەت بەخۆی.

سەرچاوە
Serchawe

# مێژووی جاف

لە ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد

باسی جاف وتیرەکانیان لە سەردەمەکانی دواتردا بە شێوەیەکی فراوان نەهاتووە، مەگەر لە هەندێک سەرچاوە و دەستنووسی ئیسلامیدا نەبێت کە ئاماژەیان بە بوونی جاف وەک عێلێکی سەربەخۆ و بە هەمان ناوی ئێستای کردووە، هەروەها بە ڕاشکاوی و ئاشکرا ئاماژەیان بەناوی هەندێک لە تیرە سەرەکییەکانی جاف داوە لە هەردوو سەدەی حەوت و هەشتی کۆچیدا وەک تیرەکانی، گلاڵی و هارونی.
هەمیسان ناوی جاف لە پەرتووکە کۆنە ئایینییەکانی مەزەبی یارسانی ئەهلی حەقدا هاتووە، وەک چۆن نور عەلی ئیلاهی لە کتێبەکەیدا (برهان حق لاپەڕەی ٣٨) ئاماژە دەکات، کە ناوی دایکی سوڵتان ئیسحاق- سوهاک (سهاک)ی نوێکاری مەزەبی یارسان دایراکی کچی حسێن بەگە (جلە جاف).
هەروەها بەپێی ئەوەی لەکتێبە ئایینییەکانی ئەهلی هەقیشدا هاتووە، ژمارەیەک لە زانا و مورشیدەکانی ئەو مەزەبە سەر بە عێلی جاف بوون، وەک چۆن سدیق زادە بۆرەکەیی لە کتێبەکەیدا (سرودهای دینی یارسان ل/ ٦) ناوی ئەوانە باس دەکات وەک، عێل بەگی جاف، عابدین جاف، ئیبراهیم جاف..
لەکاتێکدا شەرفخانی بەدلیسی لە کتێبە ناودارەکیدە ((شەرەفنامە ساڵی ١٠٠٥ ک )) باس لە جاف ناکات وەک عێلێکی ناسراوی کورد وەک ئەوانی تر، کەچی سەرچاوگەلێکی دیکە ئاماژەدەکەن بە فراوانبوونی ڕۆڵی سیاسی و سەربازیی جاف لەسەردەمی سەفەوییەکان و پاش ئەوسەردەمەدا. هەرلەومیانەدا ناوی جاف لە پەیماننامەکەی نێوان سوڵتان مورادی چوارەم و شاسەفی سەفەوی (١٠٤٩ک) هاتووە، بەم شێوەیە:..
لە عەشیرەتەکانی جاف هەردوو عەشیرەتی زیائەدین و هارونی لە پاڵ ئێمەدا دەمێننەوە (واتە لەگەڵ عوسمانییەکاندا)، هەردوو عەشیرەتی پیرە و زەردۆییش لە پاڵ دەوڵەتی سەفەویدا دەبن.
لە کتێبەکەیدا (سەرجەم مێژووی ئەفشاری و زەندییەکان ل/ ٣٠٠ ئەبولحەسەن محەمەد ئەمین گلستانە ئاماژە بە ڕۆڵی جاف لە ڕووداوەکانی سەردەمی زەندەکاندا دەکات (ئەو سەردەمە لە ساڵی١٧٥٣ تا ١٧٩٤ی خایاند).
هەر وەها هاتنی زایەر بەگی جاف بە یاوەریی چوار سەد خێزان لە عێلە کۆچەرەکەی لە زێدی ڕەسەنیانەوە (جوانرۆ) بۆ کوردستانی باشوور، بە ڕووداوێکی مێژوویی گرنگ لە ژیانی ئەم عێلەدا دەژمێردرێت.

## زایەر بەگی جاف

زایەر بەگ بە خۆی و یاوەرانییەوە لە ڕووباری سیروان پەڕینەوە و لە بەری ڕۆژئاوایدا نزیک بە شوێنی دەربەندیخانی ئێستا دامەزران، ئیدی لەو شوێنەدا دەسەڵات و موڵک و سامانیان لە سەردەمی بابانییەکاندا بەردەوام زیادیان کرد.
لێرەدا مێژوونووسان لەسەر دیاریکردنی مێژووی هاتنی زایەر بەگ و خزمانی بۆ کوردستانی عێراق کۆک نین، هەندێکیان دەڵێن ئەو مێژووە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سوڵتان مورادی چوارەم کە نازناوی (مورادی) وەک پاداشت بەو جافانە بەخشی لە ئەنجامی ئەوەی لە فەتحی بەغدادا ساڵی ١٠٤٨ک) هاوکاری ئەویان (واتە مورادی چوارەم) لە دژی فارسەکان کرد.
بەڵام هەندێکی دیکەش لە مێژوونووسان دەڵێن، ئەم ڕەوە بە کۆمەڵەی جاف بۆ کوردستانی عێراق لە سەردەمی نادر شای ئەفشاردا (ساڵی ١١٥٥ک) ڕوویداوە، ئەم زانیارییەش بەپێی باری مێژوویی زیاتر لە ڕاستییەوە نزیکە. جا ئەگەر ئێمە ئەم زانیارییەی دواییە پەسەند بکەین کە بەپێی ڕیزبەندی مێژوویی ڕووداوەکانی ڕابردوو زیاتر لەگەڵ ڕاستیدا دەگونجێت وەک ئاماژەمان بۆ کرد، ئەوە دەبێت دان بەوەدا بنێین کە نازناوی جافی مورادی بەو تیرە و هۆزانەی دیکەی جاف بەخشراوە کە بەر لە هاتنی زاهیر بەگ بۆ کوردستانی عێراق هاتوون و ئەمانە یارمەتیی سوڵتان موڕادیان لە فەتحی بەغدادا داوە. ئەمەش بە تەواوی لەگەڵ زانیارییەکەی باسیل نیکیتین-دا دەگونجێت کە باس لەوە دەکات هارونی و گلاڵی (دوو تیرەی جافن- وەرگێڕ) یارمەتیی سوڵتانی ناوبراویان لە فەتحی بەغدادا داوە و، بەو هۆیەوە نازناوی (مورادی)یان پێ بەخشراوە.



## جەنگاوەری پیادە (تفەنگچی) جاف

بەهەر حاڵ ئێمە زیاتر لەسەر ئەوە نارۆین کێ و کەی و چۆن نازناوی جافی موڕادیی وەرگرتووە، وەلێ گرنگ ئەوەیە ئەو نازناوە بوو بە نازناوێکی گشتی بۆ گشت جافەکانی خەڵکی کوردستانی عێراق کە ئەوانیش بە وێنەی باب و باپیرانیان بۆ ماوەیەکی زۆر کۆچەر بوون و هاتووچۆی نێوان گەرمیان و کوێستانیان دەکرد.
ئەوەی دیقەت لە نووسین و بەرهەمی لێکۆڵەر و ڕۆژهەڵاتناس و گەڕیدە بیانییەکان بدات، ئەوانەی کە بە مەبەست و خواستی جیا جیا بەکوردستاندا گەڕان، دەبینێت چەند بەسەر سوورمانەوە زۆربەی ئەمانە، بایەخیان بە باس و هەواڵی جاف و شێوەی ژیانی خێڵەکی گەڕۆکیان و ڕەوشتی کوردانەی بەرزیان داوە.
هۆکاری سەرەکیی ئەم بایەخدانەش دەگەڕێتەوە بۆ فراوانی ئەم عێلە و دەسەڵات و شۆرەتیان لە کۆن و ڕابردوودا، وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، جاف تەنها عێلێکی مەزن و بە سام و شەوکەتی کورد

نەبوون ، بگرە لەڕاستیدا وەک میرنشینییەکی خێڵەکی وەها بوون کە لە چەندین تیرە و هۆز پێکدەهاتن و، ئەم تیرە و هۆزانەش یەکێتیی و یەکڕیزی خۆیانیان لە بۆتەی عێلە مەزن و یەکگرتووەکەیاندا دەپاراست کە میرەکان- بەگزادەکان- ی جاف لە قۆناغ و سەردەمە جیا جیاکاندا سەرۆکایەتییان دەکرد.

بەو شێوە مێژووی جاف بریتییە لەگشت ئەو بەسەرهات و ڕووداوانە کە ئەم عێلە، هەر لە بەگزادە و تیرە گەورەکانییانەوە تا دەگاتە هۆز و خێڵە بچووکەکانیان، تێیدا ژیاون و پێیدا تێپەڕ بوون.

مستەر ڕیچ کە ساڵی ۱۸۲۰ گەشتی بە کوردستاندا کردووە و لە ۲۰ی ئابی ئەو ساڵەدا بووەتە میوانی هەوارگەی هاوینەی جاف لە مەریوان، زۆر سەرسام بووە بە داب و شێوەی کۆچەریی ژیانی جاف و سام و شۆرەت و سیمای نایاب و دڵگیریان و دانایی، و خۆشمەعشەریی کەیخسرەو بەگی میریان.

هەروەها ناوبراو (ڕیچ) زۆر مەتح و ستایشی پلە وپایەی ئافرەتانیان و ئەو ئازادییە دیارەی هەیانبووە دەکات. هەروەها ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێت: سوارەکانیان باشترین جەنگاوەرانی کوردن و هێزی شەرکەریشیان بە دوو هەزار سوار و چوار هەزار جەنگاوەری پیادە (تفەنگچی) مەزەندە دەکرێت.

فرێزەریش ساڵی۱۸۳۴ ژمارەی عێلی جافی بە ۱۰ - ۱۲ هەزار خێزانی کۆچەریی مەزەندە کردووە، هەروەها ئاماژەشی کردووە کە ئەوان (واتە جاف) دەتوانن لە کاتی پێویستدا هەزار سوار بە میری بابان سلێمان پاشا پێشکەش بکەن.

هەروەها ئەدمۆندزیش، جاف بە کوردە پوخت و ڕەسەنەکان وەسف دەکات و بە مەزنترین عێلی کورد لە باشووری کوردستاندا ناو دەبات، بە ڕادەیەک زۆر جار تەنها بەوشەی کورد ناوزەد دەکرێن و بەو ناوە لە عێل و تیرە و دەشتەکییەکانی تر جودا دەکرێنەوە.

باسیل نیکیتین-یش ئاماژەی بە شۆرەت و جەربەزەیی جاف لە کوردستانی باشووردا داوە، مێجر سۆن- یش گوتوویەتی: جاف عێلێکی زۆر ناسراو و بەناوبانگن و هەمیشە یەکێتیی و تەبایی و شێوەی سەربەخۆیی خۆیانیان لە نێو سنوورەکانیاندا لە قزەڕە بات (لە باشوور)ەوە تاکو پێنجوێن لە باکووردا پاراستووە.

ناوی جاف

سەبارەت بە ناوی جافیش، ڕاو بۆچوونگەلێکی گەلێک جیاواز لەم میانەدا هەن یەکێک لەو بۆچوونانە دەڵێیت ناوەکە لە وشەی «جەفاکێش»ی لێکدراوی خۆماڵییەوە هاتووە کە مانای مەینەتی و نەهامەتی دەبەخشێت، گوایە جافەکان بە زۆری پێشەنگی سوپای میر و فەرمانڕەواکان بوون و بەو هۆیەوە کوێرەوەری و تاڵاوێکی زۆریان چەشتووە، ئیدی ئەو ناوە (جەفاکێش) پڕ بە پێستیان بووە، پاشانیش ناوەکە کورت کراوەتەوە بۆ (جەفا) و لەویشەوە بووە بە جاف. مامۆستا عەلائەدین سەجادی ئەگەر چی ئەم لێکدانەوەی بە پەسەند زانیووە، بەڵام بەڕای خۆی، وا دەبینێت، ناوی جاف لە جافرەوە (جعفر بە عەرەبی) وەرگێڕاوە، کە ڕەنگە ناوی یەکێک لە باپیرەکانی جاف بووبێت ، وەک ئاشکراشە کورد وا ڕاهاتوون جافر بە جافە ناوببەن.

شاعیری کورد قانع هەر لەو بارەیەوە دەڵێت، جاف پاشماوەی سوارەی ( جەفایی ) ین کە هەڵبژاردەی سوپای شاە (سوڵتان) حسێن سەفەوی بوون (۱۶۹۴ - ۱۷۲۲)، ئەم جەنگاوەرانە پێیان سپێردرا ئەسفەهانی پایتەخت و دەوروبەری لە دز و جەردە بپارێزن، ئیدی ناوی (جەفایی)یان وەرگرت کە زۆر بە ڕوونی تەعبیری لە سام و توندوتیژیی ئەو جەنگاوەرانە لە نێو خەڵکدا دەکرد،

## سوارەی جەفایی

لەو ناوانەی لە ڕیزی ئەو جەنگاوەرانەدا بوون، هارون، شاتر، میکائیل، کەماڵ، ڕۆغزاد، ئیسماعیل.... هتد کە ئەمڕۆ لە نێو جافدا چەند تیرەیەکی دیار بەو ناوانەوە هەن وەک: هارونی، شاتری، میکائیلی، کەماڵەیی، ڕۆغزایی.. هتد (ڕۆژنامەی هەتاو ژ: ۱۸۶ ساڵی ۱۹۶۰).

مامۆستا و زانا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسیش وای بۆ چووە، ناوی جاف لە زاراوەی (ژاڤ)ەوە وەرگیراوە کە مانای تەڕ و تەرچک دەدات، گوایە جافە کۆچەرەکان بە دوای گژوگیای تەڕ و کاڵدا بۆ ئاژەڵەکانیان گەڕاون.

لەلایەن خۆیشیانەوە توێژەر و مێژوونووسان، مینۆرسکی و مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی و د. حەسەن جاف ڕایان وایە وشەی جاف لە ناوی عێلی (جاوان)ی کوردیی دێرینەوە، سەرچاوەی وەرگرتووە. ئەم عێلە لە دێر زەماندا لە شاخەکانی دەماوەندی باکووری شاری تاراندا نیشتەجێ بوون، پاشان چەند گرووپێکیان بەرەو ڕۆژئاوای ئێران ڕەویان کرد و ناوی خۆیان سەپاند بەسەر ئەو شوێنەی لێی نیشتەجێ بوون ، (ناوی جاوان ڕود) بە مانا ڕووباری جاوانییەکان. لە ڕاستیشدا ئەو شوێنە (جوانڕۆی ئێستا) بە شوێنی یەکەم و ڕەسەنی گشت جاف (جافی مورادی لە عێراق، جافی جوانڕۆیی و گۆران لە ئێران) دەژمێردرێت.

ئەدیب و مێژووناسی بەناوبانگ مستەفا جەواد لە کتێبەکەیدا (جاوان، العشیره الکوردیه المنسیه، جاوان عەشیرەتی کوردی لەبیر کراو) دەڵێت: جاوان یەکێ بووە لە عەشیرەتە مەزنەکانی کورد کە ناویان لە لایەن مێژوونووسە ئیسلامییەکانەوە هاتووە، وەک: مەسعوودی (لە هەردوو کتێبەکەیدا، مروج الذهب و التنبیه و الاشراف) قەلقەشەندی لە کتێبەکەیدا (صبح الاعشی). پاشان هەندێک لە جاوانەکان بەهۆی جیا جیاوە لە ڕۆژئاوای ئێرانەوە بەرەو ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق لە سەدەی چواری کۆچیدا گواستیانەوە و ڕۆڵێکی دیاریان لەو شوێنانەدا بینی .

دواتر لە کۆتایی سەدەی پێنجی کۆچیدا بەرەو باشووری عێراق شۆڕ بوونەوە و لەگەڵ عێلی (بەنی ئەسەد)ی عەرەبیدا لە دامەزراندنی شاری حیللەدا بەشدارییان کرد، هەروەها میرنشینی (جاوان)یشان لەو دەڤەرەدا دامەزراند، تا ئێستاش گۆڕی هەندێک لە میر و سەرۆکەکانیان لەوێندەر ماون و بە دی دەکرێن (وەک: وارام جاوانی). وا پێدەچێت ئەو جاوانییانە لە پاش ۱۲۰ ساڵ بۆ زێدی ڕەسەنی خۆیان (جاوان ڕود- جوانڕۆ) گەڕابێتنەوە و لەوێندەر دەستەملانی عێل و عەشرەتە ڕەسەنەکەیان بووبێتنەوە کە لەو سەردەمەدا بە ناوی جاف دەناسران.

سەبارەت بە چۆنییەتی گۆڕینی ناوی جاوان بۆ جاف، مامۆستا مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی شرۆڤەیەکی لۆژیکیانەی پەسەند لەو بارەیەوە دەخاتە ڕوو و دەڵێت:

ناوی جاوان بە گوێرەی شێوەزاری کرمانجی باوی ئەو سەردەمە بە «جاڤان» دەخوێندرایەوە، لەم شێوەزارەدا پیتی «و» بە دەنگی «ڤ» دەخوێندرێت، زمانی عەرەبی دەنگی «ڤ»ی تێدا نییە و بە «ف» دەخوێندرێتەوە، ئیدی جاڤانیش هەر بە جافان خوێندراوەتەوە و پاشان بە درێژایی کات بۆ جاف کورتکراوەتەوە.

## سەرچاوەکان

چەردەیەک لەمەڕ مێژووی جاف و ڕۆڵ و ڕەگەز و ناویان، د. سەروەت داوود بەگ جاف

سەرچاوە
Serchawe

# بەیتی کوردی لە خوێندنەوەیەکی بەراوردکارانە لەگەڵ ئەدەبی کلاسیکدا



بەشی دووهەم و کۆتایی

ڕەهبەر مەحموودزادە

غەزەل تا ئەو ڕادەیە لە لایەن شاعیران و شێعرناسانەوە گرینگی پێ درا کە دیوانی زۆریەک لە شاعیرە گەورەکان، لە راستی دا دیوانی غەزەلیات بوو. بەڵام دیسان ئەو قسەیە هەتا ئێستاش لە سەرزاری شێعرناسان بووە کە: «غەزەل تەشبیبی قەسیدەیە». بەم شێوەیە غەزەلێک کە ئەوپەڕی هەتا دە بەیت درێژ دەبووەوە جێگای قەسیدەی حەفتا بەیتی گرتەوە و ناوەرۆکی تەڕی وەسفی ئەویندارانە جێگای نێواخنی ئیشکی وەسفی دەستەڵاتدارانی گرتەوە.

حافز لە قەسیدەیەک دا بۆمەدحی دەستەڵاتدارێک دەڵێ:

وزیر شاەنشان، خواجەی زمین و زمان کە خرمست بدو حال انسی و جان

قوام دولت و دنیا محمد بن علی کە میدرخشدش از چهرە فر یزدان

بڵێی بەلای شێعر ناسانەوە زیادتر ئەم دوو بەیتەی سەرەوە پەسند بێ یان ئەم دوو بەیتەی خوارەوە کە هەر لە غەزەلێکی حافزەوە هەڵبژێردراون.

آە از آن نرگس جادوو کە چە بازی انگیخت واە از آن مست کە با مردم هشیار چە کرد

اشک من رنگ شفق یافت ز بی مهری یار طالع بی‌شفقت بین کە درین کار چە کرد

بەیتی کوردی مەدحی دەستەڵاتداران ناکا. وێکچوونی بەیت و قەسیدە، نەک لەم لایەنە ناوەرۆکییەدا بەڵکوو لە لایەنێکی فۆرمی و پێکهاتەیی‌دا زەق دەبێتەوە. بەیتە درێژەکان لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی چەندین بەشی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرن کە مەتتیقی فۆرمیی و ناوەرۆکیی ئەم بەشە جۆراوجۆرانە تاڕادەیەک پێکەوە جوداوازییان هەیە.

بەیت لە هەندێک بەشی‌دا بە وەسفی ناسک و ئەویندارانە شێوازێکی لیریک و غینایی بەخۆیەوە دەگرێ. لەم بەشانەدا زۆرتر وەسف و نزایەکی ئەویندارانە و پاڕانەوەیەکی دڵسووتاوانە لە قاڵبی مۆنۆلۆگ دا بەدی دەکرێن:

مەرزینگان هەر لە کن من مەرزینگانە
لە کن من چاوی کۆترە ولێی ون بووە هێلانە
لەکن من بەرخە کۆرپەڵەی دوای مێگەلانە
لە کن من گەوهەری خەزێنەی شاە و سوڵتانە
هەر لە کن من موحتەبەرە، لەبەر دڵانە
یان دەبێ سەری خۆم بەرمەوە گۆڕ و گۆڕخانە
یان دەبێ سەری خۆم بکەم بە کۆی مەیدانە

لە هەندێک بەشی تردا، بەهۆی زەق بوونەوەی کێشەکان (کێشە بە مانا دراماتیکییەکەی)، ڕەنگی دراماتیکی بەیت بەشێوەیەکی تۆختر خۆی دەنوێنێ. بەیت ئەگەر لە بەشە لیریکییەکەیدا مەنتیقێکی ستاتیک و نەرم و نیانی هەیە لە بەشە دراماتیکەکەیدا خاوەنی مەنتیقێکی دینامیک و پڕ جووڵەترە. لەم بەشانەدا کارەساتە تراژێیدییەکان بە خێراییەکی زۆر لە حاڵی قەومان دان:

دەجا سواران با وەخرِ بن. جڵەوگیری دوژمن بکەن ڕۆژی لێ قەومانە
کەلاک دەکەوێتە گۆڕێ و ڕۆژی دڵ هێشانە...
لەشکر بەرانبەری یەکتری دەبوون، دەنگی قەرەبینایە و رمبی دەم ڕەشی هەژدە قەماوە شۆڕِ مەحموود هەرجارێکی رکێفی بۆ وڵاغی شێرخەزاڵی (؟) دەهێناوە
دوازدە کەسی لە ئەمیر و سەردار عێلان لەسەر پشتی رکێفی فرێ دەداوە.
مەستی مەرزینگانە، دەربەستی مردن نییە هیچ ئاگای لەخۆی نەماوە
وادەزانێ دەستی لە گەردنی مەرزینگان دایە، هەر نازانێ ڕۆژی دڵ هێشانە و قەوماوە

جودا لەم دووبەشە، لە هەندێک بەشی تردا، شێوازی بەیت نە ئەوەندەی شێوازە دراماتیکە پڕ جووڵەکە، تەژی لەکێشە یەو نە ئەوەندەی شێوازە لیریکە نەرم و نیانەکە، ڕاوەستاوە یان بڵێین هەم جووڵەیەکی دراماتیک و هەم نەرم و نیانییەکی لیریکی تێدایە. لەم شوێنانەش دا هۆی دراماتیک بوونی دەق، گوتوبێژێکی بەردەوام لە نێوان دووکەسە و هۆی لیریک بوونیشی، ئەوەیە کە ئەم گوتوبێژانە زۆرتر ئەویندارانەن و لەبەر ئەوەی وەسفەکان درێژ دەبنەوە و دەلالەت بۆ کردە و کێشە بگۆڕەکان ناکەن بەڵکوو دەلالەت بۆ حاڵەت و وسفە نەگۆڕەکان دەکەن، خەسڵەتێکی راوەستاویان هەیە:

شۆڕِ مەحموود هاتە بەر پەنجەرە بانگی مەرزینگانی کرد و گوتی:

سەرچاوە Serchawe

کێژێ بێ بەعسەتی، بەعسەت پێ نەدراوی
رەشە رێحانەی ئێستا دەست لێ نەدراوی، نەژاکاوی و هەڵنەکەندراوی
زەردە مەمامن حەفس کردووە لە ژێر کراسی مەخمەڵ دارایی دا بەمیسالی هەرمێ گوڵاوی
تێچووی تەرکە و تورکومانم دەیە بۆم هەڵێنە گۆشە چاوی ...
مەرزینگان ئەگەر چاوی بەشۆڕە مەحموود کەوت، بەرۆکی ئاواڵە کرد و گوتی:
ئەوە کاری بابمە دەتنێرێ بۆ جەنگی جوکلی هەمەوەند و سمێڵ سپی کامەرییە
ئاگاداری تۆبێ ئەلیاس لە بەحرێ و خدر لە چۆلی و لە بەرییە ...
لە پاشت بە جێ نەمێنێ بەژنێکە باریک و دوو کوڵمەی لیمۆییە

لە هەندێک شوێنی تر دا، قورسایی بەیت دەکەوێتە سەر شین گێڕی و نزای عەوداڵانە. لەم بەشانەدا، دیالۆگی ئەویندارانە جێگای خۆی دەدا بە وایلۆکی مەزڵوومانەی کەسێکی لێقەوماو:

سوارینە وەرن لە دڵێکە من گەڕێن ئەوە چ بووە چ قەوماوە
ئەی لەوی خەبەری لە نەدیو و لە نەکاوە!
کوڕە خۆ ڕاستە دەڵێن شۆڕ مەحموود لە گێژی دەریایە دا خنکاوە
سەڵای گەورە و گرانم لێ ڕابوو کەسم لە ماڵە باوانی نەماوە
شەرت بێ پاش تۆ یەخەی کەتانی من بۆ کەس ئاواڵە نەکراوە
تا ئەو رۆژەی دەڵێن رۆژی قیامەتە و رۆژی عەرشە و خودا دیوانی داناوە.

کەواتە وەکوو ئەنجامگیرییەک دەکرێ بڵێین، لە بەیتەکاندا، چەند بەشێکی وەک وەسف و نزا، گێڕانەوەی ڕووداوەکان و شینگێڕی، کری بەیت دەچنن، ئینجا لە بەشی گێڕانەوەشدا جاری وایە ڕەوتی ڕووداوەکان خێرا و پڕکێشە دەبێتەوە و جاری واشە بە هاتنی گوتو بێژێکی دوولایەنە بێ ئەوەی ڕەوتەکە تەواو بوێستێ، تاڕادەیەک لە خێراییەکەی کەم دەبێتەوە. لە بەشی وەسف و نزا دا، هیچ ڕەوت و ڕووداو و ئاڵوگۆڕێک بەدی ناکرێ و ئەوەی هەیە پێهەڵگوتنە. بەشی شینگێڕی بەچەند هۆ تارادەیەک تایبەتمەندی بەشەکانی تریشی پێ دەبرێ. هۆی یەکەم ئەوەیە کەسی شینگێڕ بە بیانووی شینگێڕییەوە، بەشێک لە ڕووداوە تراژێدییەکە دەگێڕێتەوە ڕەنگدانەوەی کێشەکان لەم بەشەدا تاڕادەیەکی کەم وەبەر چاو دەکەوێ. هۆی دووەم ئەوەیە چونکە کەسی قوربانی نزیک و خۆشەویستی کەسی شینگێڕە، کەواتە وەسف و نزا و پێهەڵگوتنیش دێتە ناو شینگێڕییەکەوە.
لە نێو ئەم بەشە جۆراوجۆرانەدا، جوانترین و ناسکترین و سەرنجڕاکێشترین بەش، دیالۆگی ئەویندارانەی کیژ و کوڕە. هەر ئەو بەشەیە کە لە پێکهاتەی بەیت جودا بووەتەوە و وەکوو جۆرێکی فۆلکلۆری سەربەخۆ بەناوی حەیران، درێژەی بە ژیانی خۆی داوە. ئەگەر غەزەل تەشبیبی قەسیدە بێ، حەیرانیش ئەو غەزەلەیە کە لە تەغەزوللی بەیتەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. حەیران بە پێچەوانەی بەیتە درێژەکان، دەتوانێ تەنانەت هەتا سێ ڕستەش کورت بێتەوە. کەواتە هیچ سەیر نییە کە حەیران لەبەر ئەم سووک و چکۆڵە و گردو کۆ بوونە لە لایەک و لە بەر ناسکیێژی و جوانکارییەکانی لەلایەکی ترەوە، جێگای بە بەیت لێژ کردبێ و زیادتر لە جۆرە فۆلکلۆرییەکانی تر وەڕمێن کەوتبێ. ئێستا بەم ئاکامە گرینگە دەگەین کە بەر لەوەی لە بارەی جوغرافیاییەوە پرسیار لە شوێنی سەرهەڵدانی حەیران بکەین، دەبێ لەباری فۆرمی و پێکهاتەییەوە، لە چۆنیەتی ئەم سەرهەڵدانە ورد بینەوە. ئەوە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە بڵێین حەیران لە دەشتی هەولێر یان ناوچەی موکریانەوە سەری هەڵداوە. ئەگەرچی ئێستا ئەم دوو هەرێمە، وەک دوو ناوچەی جوداواز لە ناو جۆغرافیای دوو وڵاتی جیران چاویان لێ دەکرێ، بەڵام لە کاتی سەرهەڵدانی حەیران دا، رۆژهەڵاتی موکریان هەتا رۆژاوای دەشتی هەولێر لە ناو یەک یەکە (واحید)ی جۆغرافیاییدا بوونە. لە زەمانی زوو دا ئەو هۆزانەی نیوەی ساڵیان لە کۆیە و بیتوێن و پشدەر، ڕابواردووە، نیوەی تری ساڵیان لە شنۆ و لاجان و سندووس و شارۆیران بردووەتە سەر و بە پێچەوانە ئەو هۆزانەی نیوەی ساڵ لە کوێستان ژیابێتن، نیوەکەی تری لە گەرمین ژیاون. راستە هۆزی واهەبووە مەودای هێڵی گەرمێن و کوێستان کردنەکەی مەودایەکی بەرتەسک بووبێ، بەڵام بەگشتی ئەو هێڵەی دەشتی هەولێر بە موکریان دەلکێنێ، بەسەر ئەو ناوچانە تێدەپەڕێ کە هەموویان بۆ هۆزە کوردەکان ئاشنا بوونە. هۆی ئەوەی هەندێک تەعبیر و زاراوەی وەکوو بەری سوێسنایەتی و بەری پیران و وڵاتی مەرگە و پشدەرییان و زۆر زاراوەی تری لەم دەستەش هەر لە کۆنەوە لە ئاخاوتنی کوردی دا باوبوونە، ئەمەیە هۆزە کوردەکان سەرەڕای هەموو گەرمێن و کوێستان کردنەکانیان بۆ کاروباری ئاژەڵداری، ناچاربوون بۆ کار و باری کشت و کاڵیش، تارادەیەک خۆیان بە شوێنێکەوە ببەستنەوە. بەڵام کێ هەیە حاشا لەوە بکا کە ئەو خۆ بەستنەوە و مانەوەی وەک ئەو دامەزران و مانەوەیە نەبووە کە کوردەکان لەسەدەکانی نۆزدە و بیست دا بەرەبەرە وەکوو شێوەی ژیان هەڵیانبژاردووە و ئەم شێوە ژیانە بەهۆی سنوورەکانیشەوە هێندەی دیکە پەرەی سەند.
بەراستی کێ هەیە بڵێ عەشیرەتێکی وەکوو مەنگوڕ هەر بەتەنیا خەڵکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن یا بڵێ هەر بەتەنیا خەڵکی باشوورن. پەرژ و بڵاوی ئەو شوێنە جۆغرافیاییانەی عەشیرەتی هەرکی تێیاندا نیشتەجێن لە شوێنی نیشتەجێ بوونی مەنگوڕەکانیش زۆرترە و هەر سێک هەرێمی باشوور و باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە. کەواتە با چیتر بە پرسینی ئەو پرسیارە ساویلکانەیە کە حەیران لە کامە ناوچەی کوردستان سەری هەڵداوە، خەریکی دۆزینەوەی وەڵامی لەویش ساویلکانەتر نەبینەوە و نەمانهەوێ بە دەمارگرژییەکی ناوچەییەوە خۆمان لە قەرەی بابەتێکی زانستی بدەین. شوێنی سەرهەڵدانی حەیران، هەموو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە لە نێوان موکریان و دەشتی هەولێر هەڵکەوتوون. دیارە دوایەش بەهۆی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی نۆزدە و بیستەم و بە هۆی لێکدابڕانی ئەو ناوچانە، حەیرانی دەشتی هەولێر و حەیرانی موکریان لەباری چۆنیەتی بەکارهێنانی تەعبیرەکانەوە نەختێک لێک جوداواز بوونە.
کەواتە لە جیاتی ئەوەی دەربارەی شوێنی سەرهەڵدانی حەیران پرسیار بکەین، باشتر وایە ئەو پرسیارە بهێنیینە گورێ کە پێکهاتەی حەیران لە چ پێکهاتەیەکیترەوە سەری هەڵداوە. بۆ ئەوەی باشتر ئەو بابەتە بسەلمێنین کە پێکهاتەی حەیران، بەشێکە لە پێکهاتەی بەیت، با ئەم بەشەی خوارەوە لە گوتوبێژی لاس و خەزاڵ لەگەڵ بەشێکی تر کە لە حەیرانێک هەڵبژێردراوە، هەڵسەنگێنین:

ماڵپەری کوردستان و کورد




**Resheme** **٢٧١٢ کوردی** **ڕەشەمە**

| شەممە | یەک شەممە | دوو شەممە | سێ شەممە | چوار شەممە | پێنج شەممە | هەینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ١ 19 | ٢ 20 | ٣ 21 | ٤ 22 |
| ٥ 23 | ٦ 24 | ٧ 25 | ٨ 26 | ٩ 27 | ١٠ 28 | ١١ Mar 1 |
| ١٢ 2 | ١٣ 3 | ١٤ 4 | ١٥ 5 | ١٦ 6 | ١٧ 7 | ١٨ 8 |
| ١٩ 9 | ٢٠ 10 | ٢١ 11 | ٢٢ 12 | ٢٣ 13 | ٢٤ 14 | ٢٥ 15 |
| ٢٦ 16 | ٢٧ 17 | ٢٨ 18 | ٢٩ 19 | | | |
| | | | | | | ڕەحمان نەقشی |

ئیلام

گۆڤاری ئینتێرنێتی یەکبوون گۆڤارێکی سەربەخۆیی مانگانەیە. لە ئامادە و بڵاو کردنەوەی : ڕەحمان نەقشی

r_ neqsi@yahoo.ca

سەرچاوە
Serchawe